

سەرکەوتنی ئێمە لە یەکڕیزیدایە

٤



پەیامی مۆهەندس ڕەزا خەیاتی

٥



ئێران لە سووریە چ دەکات؟

١٠



ئەحمەدی نژاد ئەم جارە ...

١٠



یادێک لە شەهیدی نەمر ...

١١


دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگـانی کۆمیتەی نـاوەنـدیی حیزبی دێمـوکراتی کوردسـتـانی ئێـران

ژمارە ٥٩٠، سێشەممە، ١٨ی ڕەزبەری ١٣٩١، ٩ی ئۆکتۆبری ٢٠١٢، ١٥٠تمەن

www.kurdistanmedia.com


## ناڕەزایەتیی خەڵک لە قەیرانی ئابووری لە ئێراندا

بارودۆخی بازاڕی دراوی بیانی لە ئێراندا بە تەواوی ناڕوونە و پەرەی بە ناڕەزایەتییەکانی خەڵک دژی کۆماری ئیسلامی و نیگەرانییەکانیان بەنیسبەت بژێوی ڕۆژانەی ژیانیان داوە. ئەمە سەرەڕای هەوڵە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی و داسەپاندنی کەشوهەوای ترس و تۆقین بەسەر بازاڕی ئازادی دراو لە تاران بەمەبەستی کونترۆڵی بارودۆخەکە لە لایەن ڕێژیمەوەیە. بازاڕی تاران لە ڕۆژانی کۆتایی حەوتووی ڕابردوودا، شایەتی داخرانی زۆربەی دووکان و بازاڕەکان، بەتایبەت «سەرافی»ییەکان و ناڕەزایەتیی خەڵك بوو. هەروەها بازاڕەکانی چەند شاری گەورەی دیکەیش هەر لەم پێوەندییەدا تووشی داخران و مانگرتن بوون، لەوانە دەکرێ ئاماژە بە مەشهەد و ورمێ بکرێ. یەکیەتیی ئورووپا و سێنای ئامریکا ڕایانگەیاندووە کە خەریکی دانانی دەورێکی نوێ لە گەمارۆی ئابووری لەسەر ئێرانن. چاوەڕوان دەکرێ قەیرانی ئابووری لە ئێراندا قووڵتر و ناڕەزایەتییە خەڵکییەکان بەرینتر و زیاتر بن.

### «کۆنگرەی دوکتور شەرەفکەندی» لە ژێر درووشمی

# «هەوڵدان بۆ یەکڕیزی لە پێناو سەرکەوتن»دا

### بە سەرکەوتنەوە کۆتایی هات




## پەیڤ

زانیار

### کۆنگرەی پازدەی حیزب و چەند وتەیەک

یەکێك لە شانازییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تایبەتمەندیی دێموکراتبوونی ئەو حیزبە و سووربوونی لەسەر دێموکراسی و مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و خەباتی بەردەوام لە پێناو وەدیهێنانی ئەو مافانە و دابینبوونی عەداڵەت و پاراستنی کەرامەتی ئینسانییە. بۆیە دەبینین کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەڕای هەر هەلومەرجێکی نالەبار و مەترسیی جۆراوجۆر بەردەوام کۆنگرەکانی خۆی دەبەستێ و هەر جارەش کۆمەڵێك بابەتی نوێ و ئەمڕۆیی لە کۆنگرەکانیدا زەق دەکرێنەوە و پێیان لەسەر دادەگیرێ.

کۆنگرەی پازدەهەمی حیزب کە بە کۆنگرەی «شەرەفکەندی» ناودێر کرا، درووشمی «یەکڕیزی لە پێناو سەرکەوتن»ی بەرز کردەوە و نیزیکی و هاوکاریی هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ئێرانی بە مەرجێك بۆ بەهێزبوونی کورد چ لە خەبات دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا و چ لە دیالۆگ لەگەڵ هێز و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە پێویست زانی. هەروەها کۆنگرە کە ڕەخنەی لە پەرشوبڵاوی و بێبەرنامەیی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێرانی هەبوو، ئەرکی بۆ ڕیبەرایەتیی نوێی حیزب دیاری کرد تا لەو پێوەندییەشدا بۆ پێکهێنانی یەکڕیزی لە نێوان ئەوانیشدا هەوڵ بدا و لە توانا و شوێندانەریی خۆی کەڵك وەربگرێ و ئەو هاوکاری و یەکڕیزییەشی بە مەرجێکی بنەڕەتی لە خەبات دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران دانا.

روونی و ڕاشکاوی لە باس و بابەتەکانی کۆنگرەدا، داننان بە کەموکوڕییەکانی حیزب و ئۆرگانەکانی، شێوازێك لە کاری کۆنگرە بوو کە دەرەتانی دەستنیشانکردنی پێشنیار و ڕێگاچارەکانی بۆ بەرەوپێشچوونی ڕەوتی خەبات ڕەخساند و هەموو لایەکی پتر لە ڕابردوو دڵنیا کردەوە کە لە نێوان کۆنگرەی پازدە تا کۆنگرەی داهاتوودا چالاکتر تێبکۆشێ و شوێندانەریی خۆی بەو جۆرە کە شیاویەتی، دەربخات.

# ڕاگەیەندراوی کۆتایی کۆنگرەی پازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

هاونیشتمانانی بەڕێز!
خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!

کۆنگرەی پانزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژی شەممە، ٨ی ڕەزبەری ١٣٩١ی هەتاوی بە بەشداریی ئەندامانی کۆنگرە و ژمارەیەك میوان، دەستی بە کارەکانی کرد. کۆنگرەی پازدەهەمی حیزب، لە ڕەوتی ئاسایی کۆنگرە و ئورگانیزاسیۆنی دێموکراتیکی حیزبی دێموکراتدا، لە کاتی خۆی و بە پێی پێڕەوی نێوخۆی حیزب بەڕێوە چوو.

لە ڕێورەسمی کرانەوەی کۆنگرەدا، پەیامی کرانەوەی کۆنگرە لە لایەن بەڕێز «ڕەزا خەیاتی»یەوە پێشکەش کرا، دوای پێشکەشکرانی ڕاپۆرتی کومیتەی ئامادەکاری کۆنگرەی ١٥، بەڕێز مستەفا هیجری ڕاپۆڕتی کومیتەی ناوەندی پێشکەش کرد و لەودا پێشنیار کرابوو کە کۆنگرەی پازدەهەم بە ناوی «دوکتور شەرەفکەندی» و لە ژێر درووشمی «هەوڵدان بۆ یەکڕیزی لە پێناوی سەرکەوتندا» بەڕێوە بچێ کە لە لایەن ئەندامانی کۆنگرەوە پەسند کرا.

لە ڕۆژانی بەڕێوەچوونی کۆنگرەدا، سەرەتا ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی پانزدەهەم خرایە بەرباس و ئەندامانی کۆنگرە بە شێوەیەکی بەرچاو و چالاك هەموو لایەنەکانی ڕاپۆرتیان لێکدایەوە و لە باس و گفتگۆیەکی دێموکراتیك و کراوە و ئازاددا، کۆنگرە سێ ڕۆژی بەردەوام لەسەر ئەو ڕاپۆرتە کاری کرد و لە کۆتاییدا بە پەسندی کۆنگرە گەیشت.

ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی وێڕای ئاوڕدانەوە لە سیاسەتە جیهانییەکان و بنەمای ئاڵوگۆڕی سیاسی و ئابووری و پێوەندی لە جیهاندا، باسی کاریگەری ئەو گۆڕانە جیهانییانەی لەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کردبوو و لەودا وێڕای لێکدانەوەی ورد و هەمەلایەنەی ئاڵوگۆڕەکانی باکووری ئافریقا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە گەشبینییەوە چاوی لە بزاڤەکانی ڕووخانی دیکتاتۆرەکان و بەشداریی خەڵك لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا کردبوو.

لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەدا، وێڕای هەڵسەنگاندنی هەمەلایەنەی دۆخی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئێران، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە ڕێژیمێکی ڕوو لە لاوازی و تەریککەوتنەوەی زیاتر ناساندبوو و لەو بوارەدا وێڕای ڕەخنەگرتن لە ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە نەیتوانیوە یەکڕیز و یەکگرتوو بێ، پێی لەسەر هەنگاوی بەکردەوەیی زیاتر لەو بوارە داگرتبوو.

لە ڕاپۆرتەکەدا، باسی دۆخی کورد و کوردستان و ئاڵوگۆڕە کاریگەرەکان لەو بارەوە کرابوو و هیوا بە بەرەوپێشچوونی دۆخی پرسی کورد دەربڕا بوو.

بە دوای باس لەسەر ڕاپۆڕتی کومیتەی ناوەندی کە بە شێوەیەکی دێموکراتیك و ئەمرۆییانە، ڕەخنەی لە کاروباری حیزب و ڕێبەری گرتبوو و پێشنیارەکانی بۆ چارەسەریی گرفتەکانی خستبووە بەر باس، کاری کۆنگرە باسکردن لەسەر بەرنامەوپێڕەوی نێوخۆی حیزب بوو کە لەو بەشەی کارەکەشدا، ئەندامانی کۆنگرە بە شێوەیەکی بەرچاو و چالاك لە باس و دیالۆگی چاکسازیخوازانەدا بەشدار بوون و دوای چەند ڕۆژ کاری بەردەوام، بەرنامەوپێڕەوی نێوخۆی حیزبیش بە پەسندی کۆنگرە گەیشت.

لە بەشێکی دیکەی ڕەوتی کۆنگرەدا، کۆمیسیۆنەکانی پەیام، سکاڵا و بڕیارەکان ڕاپۆرتی خۆیان دایەوە و بڕیار و ڕاسپاردە پێویستەکان بە پەسندی کۆنگرە گەیشت.

جێگای ئاماژەیە کە لە نێوئاخنی کاری کۆنگرەدا، ژمارەیەکی بەرچاو لە پەیامی کەسایەتی و ڕێکخراو و لایەنە بیانی و ئێرانی و کوردستانییەکان کە بۆ کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان ناردبوو، پێشکەشی کۆنگرە کران.

خاڵێکی گرنگی کۆنگرەی پازدەهەمی حیزب، بەشداریی ژمارەیەك میوانی دەرەوەی حیزب بوو کە لە کەسانی پسپۆڕ و شارەزای زانستی پێکهاتبوون و لە ڕەوتی کاری کۆنگرەی «شەرەفکەندی»دا بە پێشنیار و تێبینییەکانی خۆیان یارمەتیدەری بەرەوپێشچوونی کاری کۆنگرە و پڕنێوەرۆکتربوونی باسەکان بوون.

بەشی کۆتایی کاری کۆنگرە بریتی بوو لە هەڵبژاردنی ڕێبەرایەتیی نوێ کە لە ڕەوتێکی دێموکراتێك و ئازاددا، ژمارەیەك لە ئەندامانی کۆنگرەکە خۆیان بۆ ئەندامی ڕێبەرایەتیی حیزب بەربژێر کردبوو و لە ئاکامدا ٨ کەس لە دەرەوەی وڵات و ٢٥ کەس لە کوردستان وەکوو ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژێران و ئەرکی بەڕێوەبردنی سیاسەت و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتیان وەئەستۆ گرت. لە ڕۆژی کۆتایی کۆنگرەدا، کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٥، لە یەکەم پلینۆمی خۆیدا هاوڕێی بەڕێز، مستەفا هیجری وەکوو سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژارد و بە کۆنگرەی ناساند.

هاونیشتمانانی بەڕێز!

کۆنگرەی پانزدەهەمی حیزب لە دۆخێکی هەستیار و گەشبین بە ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکان بەڕێوە چوو و وێڕای هەڵسەنگاندنی هەمەلایەنەی دۆخی ئەمڕۆ، دڵخۆش بە پشتیوانی خەڵکی کوردستان لە حیزبی خۆشەویستی خۆیان، حیزبی دێموکرات، لەسەر ئەرك و وەفای حیزب بە ڕێبازی دێموکراتیك و نەتەوەیی و خەباتگێڕانە پێی داگرتەوە و پەیامی یەکگرتوویی و یەکڕیزیی ئاراستەی ڕێکخراو و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و ئێران کردووە و کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات، هەڵبژێردراوی کۆنگرەیەکی وەها، وێڕای پێداگرتنەوەی لەسەر پرنسیپە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی، بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێ کە لە پێناوی وەدیهاتنی ئامانجەکانی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی ئێراندا هەم خەباتی چڕتر و هەم هەنگاوی کردەییتر بۆ یەکڕیزی و هاوپێوەندیی دێموکراتیك هەڵگرێتەوە و پەیامی وەفا بۆ هەموو ئازادیخوازانی کورد و بنەماڵەی شەهیدان و زیندانیانی سیاسیی کورد و هەموو زیندانیانی سیاسیی ئێران و هەروەها پەیامی پیرۆزبایی بۆ ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەموو شوێنێکی جیهان دەنێرێ.

یەکڕیز و پتەوتر بێ ریزی خەباتگێڕانی کورد
سەرکەوتن بۆ ئازادیخوازانی ئێران
نەمان بۆ کۆماری ئیسلامی

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
١٧ی ڕەزبەری ١٣٩١ی هەتاوی
٨ی ئۆکتۆبری ٢٠١٢ی زایینی

## بڕیارنامەی کۆنگرەی ١٥هەمی حیزبی دێموکرات

کۆنگرەی پازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆنگرەی «شەرەفکەندی»، وێڕای پەسندکردنی ژمارەیەك بڕیار و هێندێ ڕاسپاردە بۆ ڕێبەرایەتیی هەڵبژێردراوی ئەو کۆنگرەیە بە مەبەستی هەنگاونان بۆ جێبەجێکردنیان، سیاسەتی ڕێبەرایەتیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی چواردەهەمی حیزبی لە پێوەندی لەگەڵ دیالۆگ لەگەڵ ئەو جەمعەی کە ٦ ساڵ لەوەپێش لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جیابوونەوە، هەروەها واژۆکردنی ڕێککەوتننامە لەگەڵ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانی پەسند کرد و درێژەدان بەو ڕەوتەی خستە ئەستۆی ڕێبەرایەتیی نوێی حیزب. هەروەها هەوڵدان بۆ نیزیکی و هاوکاری لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کورد لە کوردستانی ئێران و درێژەدان بە وتووێژ لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسی و کەسایەتییە ئازادیخواز و دێموکراتەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی هەر بەو مەبەستە وەك ئەرکی ڕێبەرایەتیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی پازدەهەم دەستنیشان کرد.

## پەیام بۆ بنەماڵەی شەهیدان

بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی کوردستان
پشتیوانانی هەمیشەیی ڕێبازی ئازادی!

لەخۆ بوردوویی و خۆڕاگریی بێوێنەی ئێوە لە پێشکەشکردنی پڕبایەخترین سەرمایەکانی ژیانی مرۆیی لە پێناوی بەرزترین ئامانجەکانی خەباتی ڕەوای مافخوازانەی گەلەکەماندا، لاپەڕەیەکی زێڕین لە مێژووی پڕهەورازونشێوی خەباتێکە کە ئازادی و ڕزگاربوون لە دۆخی چەوسانەوە و ستەمی نەتەوایەتیی کردۆتە چرای ڕێگای تێکۆشانی خۆی.

ئێوە یادگارەکانی ڕەنج و حەماسە و بوێریی ئەو ڕۆڵە قارەمانانەی نەتەوەی کوردن کە ڕازی نەبوون لە دۆخی ژێردەستی و کوێرەوەریدا ملکەچ و دەستەوەستان بن و قەڵای زۆرداریی ستەمکاران و دوژمنانی کۆنەپەرەست و پاوانخوازی نەتەوەکەمان چۆکی بە ئیرادە و شەهامەتی بەرزی ئەوان دانەدا.

ئێمە لە کۆنگرەی پازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، کە بە ناوی ڕووناکبیری خەباتگێڕ و چیای پڕهەیبەتی شۆڕشی کوردستان، شەهیدی ڕێبەر، د.سادق شەرفکەندی ڕازێنراوە، سەری ڕێز و حورمەت لە بەرامبەر فیداکاری و ئەمەگناسیتاندا بۆ ڕێبازی پڕسەروەریی شەهیدان دادەنوێنن. بەڵێنیتان پێ دەدەین و لەگەڵ شەهیدانی سوورخەڵاتی ڕێگای ڕزگاریی نیشتماندا پەیمان نوێ دەکەینەوە کە وەك هەمیشە یادی ئەوان و وره و باوەڕی شۆڕشگێڕانەی ئێوە بکەینە مۆمی ڕووناکی بەخشی ڕێگای یەکڕیزی لە پێناوی سەرکەوتندا و تا گەیشتن بە ئامانجە ڕەواکانی ڕۆڵە شەهیدەکانتان لە هیچ کۆسپێکی سەر ڕێگای خەبات سڵ نەکەینەوە.

یادی شەهیدان بە ڕێزەوە دەکەینەوە، دڵمان مەکۆی خەمی لەدەستچوونی ئەوان و هەستمان لەگەڵ ژیانی پڕژانی بێ ئازیزانی ئێوەیە.

کۆنگرەی پازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## پەیامی کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە کوردستانی ئێران

ئەندامانی تێکۆشەر، لایەنگرانی دڵسۆزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

کۆنگرەی پازدەهەمی حیزبەکەمان، کۆنگرەی شەرەفکەندی بەداخە لەوەی کە هەلومەرجی ئەمنییەتی و کەشوهەوای سەرکوتی زاڵ بەسەر تێکۆشانی ئێوەی ئازیزدا ڕێگای نەدا کە نوێنەرانی ئێوە لە کۆنگرەدا بەشدار بن، بەڵام ڕاسپاردە و ڕێنوێنی و پێشنیارەکانی ئێوە کە پێشتر بۆ کۆنگرەتان ڕەوانە کردبوون، تا ڕادەیەك ئەو بۆشاییەی پڕ کردبووەوە و لەڕاستیدا بوونی ئێوەمان لە کۆنگرەدا هەر هەست پێ دەکرد. کۆنگرەی پازدەهەم هەستی بەو ڕاستییە کرد کە ئەرك و تێکۆشانی بەردەوامی ئێوە لە گۆڕەپانی ئەسڵی خەبات و خۆڕاگریدا تا چ ڕادەیەك شوێندانەر و لە هەمان کاتدا پڕمەترسییە، بۆیە بە چاوی ڕێزەوە سەیری کار و چالاکی نواندنی ئێوە کە لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی حیزبدا بەڕێوەی دەبن، دەکا و بەڕوونی دەبینین کە شوێندانەری ئەو کار و چالاکییانە چەندە بۆ بزووتنەوەکەتان بەنرخ و لە هەمان کاتدا بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی جێگای نیگەرانییە.

کۆنگرە کۆمەڵێك بڕیار و ڕاسپاردەی بە مەبەستی بەرینترکردنەوەی بزووتنەوەکەمان بۆ ڕێبەرایەتیی هەڵبژێردراوی ئەو کۆنگرەیە دەستنیشان کردووە و چاوەڕوانە کە ئەو بڕیار و ڕاسپاردانە بەکردەوە لە ریزی تێکۆشەرانی حیزبدا ڕەنگ بداتەوە و ئەوەش بە لەبەرچاوگرتنی بوونی کەشوهەوای سەرکوت و زەبروزەنگ ئەرکێکی قورستر لە پێشوو دەخاتە ئەستۆی ئێوەی ئازیز. لەو بارەشەوە کۆنگرە دڵنیایە بەو چاونەترسی، لەخۆبوردوویی و فیداکارییەی کە ئێوەی تێکۆشەر لە هەموو کات و بۆنەیەکدا بە یەکگرتوویی لە خۆتان نیشان داوە و دوژمنتان هەراسان کردووە، هەروا بوێرانە و بەو جۆرە کە شیاوی ڕۆڵەکانی قازی، قاسملوو و شەرەفکەندییە دەتوانن یارمەتیدەری بەئەنجامگەیاندنی ئەو ئەرکانە بن کە بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی کورد و سەرکەوتنی زیاتری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لێدەکەوێتەوە.

کۆنگرەی پازدەهەمی حیزب شانازی بە ئێوە و کار و چالاکییەکانتان دەکا و بەڕێزەوە دەڕوانێتە هەوڵ و تێکۆشانی ماندوویی نەناسانەتان. لەشساغی و تەمەندرێژی بۆ یەك یەکی ئێوە ئازیزان و سەرکەوتن بۆ تێکۆشانتان بە ئاوات دەخوازین.

کۆنگرەی پازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
ڕەزبەری ١٣٩١ی هەتاوی

## پەیامی کۆنگرەی پانزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ زیندانیانی سیاسی

خۆڕاگران، سەربەرزان!
زیندانیانی تێکۆشەری سیاسی!
وێڕای سڵاوی هاوخەباتی و هاوسۆزی

وەك ئاگادارن لە ڕۆژانی ڕابردوودا، پانزدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

لەم کۆنگرەیەدا کۆمەڵێك باس و بابەتی گرینگی سیاسی و نەتەوەیی هاتنە بەرباس و نوێنەرانی کۆنگرە بە پەسەندکردنی بابەتەکان و دانی بڕیارێ پێویست، ستراتێژی و سیاسەتی داهاتووی حیزبیان بۆ خزمەت بە خەباتی ڕەوای گەلەکەمان دیاری کرد.

بەڕێزان!

کۆنگرە بە چاوی ڕێز و پێزانینەوە ڕوانییە خۆڕاگری و خەباتی ئێوە و لەخۆبوردوویی و چۆکدانەدانی ئێوەی لە بەرامبەر زەبر و ئەشکەنجەی جەلادەکانی کۆماری ئیسلامی لە زیندانە ڕەشەکانی ئەو ڕێژیمە دژە مرۆییەدا بەرز نرخاند و وەك یەکێك لە فاکتەرە سەرەکییەکانی بەرەوپێشچوونی خەباتی نەتەوەکەمان دەستنیشانی کردن.

وەك دەزانن ناوچەکەمان بەرەوڕووی ئاڵوگۆڕێکی بەرفراوان و بنچینەیی بۆتەوە و بە دوور نابیندرێ کە لە داهاتوویەکی نزیکدا شەپۆلەکانی ئەم گۆڕانکارییە وڵاتەکەی ئێمەش بگرێتەوە. لەم ساتەوەختە هەستیارەدا پێویستە ئێمەی کوردیش خۆمان بۆ قۆستنەوەی ئەو دەرفەتە و گەیشتن بە ئامانجە ڕەواکانمان ئامادە بکەین و هەوڵ بدەین ڕیزەکانی خۆمان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو هەلومەرجە نوێیە ڕێك بخەین.

هەر بۆیە کۆنگرەی پازدەهەمی حیزبەکەمان واتە کۆنگرەی ڕێبەری شەهید دوکتور سادقی شەرەفکەندی لە ژێر درووشمی «هەوڵدان بۆ یەکڕیزی لە پێناو سەرکەوتندا» بڕیار و ڕاسپاردەی پێویستی بە کومیتەی ناوەندیی تازەی حیزبەکەمان دا و هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی ئەو بابەتانەی کردە ئەرك لەسەریان.

هیوادارین بە هەوڵ و تێکۆشانی هەموومان بگەینە ڕۆژی ڕزگاریی نەتەوەکەمان و ئەو ئامانجە ڕەوایانە دەستەبەر بکەین کە ئێوە لە پێناویاندا بەند کراون. بێگومان خەبات و قوربانیدانی نەتەوە غەدرلێکراوەکەمان و بە تایبەت بەرخۆدانی ئێوەی تێکۆشەر بێئاکام نابێ و ڕووخانی کۆشکی ستەم نزیك بۆتەوە. بە ئاواتی گەیشتن بەو ئامانج و قۆناغە.

سەرکەوێ خەباتی ڕەوای نەتەوەکەمان بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سڵاو لە خۆڕاگری و قارەمانیتان
بژی کورد و بژی کوردستان

کۆنگرەی پازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئـێران**

# پەیامی کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران

کۆنگرەی پانزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆنگرەی شەهید د.سادق شەرەفکەندی، کە لە ژێر درووشمی هەوڵدان بۆ یەکڕیزی لە پێناو سەرکەوتندا، رۆژی شەممە، رێکەوتی ٨ی رەزبەر، دەستی بە کارەکانی خۆی کرد، گەرمترین سڵاوی شۆڕشگێڕانەتان ئاراستە دەکا و لە بەرانبەر ورەی بەرز و خەباتگێڕانە و ئیرادەی لەشکاننەهاتووتان بۆ خەبات و بەرخۆدان بە دژی سەرکوت و زەبروزەنگی رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیدا سەری رێز و حورمەت دادەنوێنێ.

سەرتاسەری مێژووی پڕ لە حەماسە و قوربانیدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلەکەمان لە کوردستانی ئێران بە گشتی و بەتایبەتی لەو سێ دەیەی رابردوودا شاهیدی بۆ ئەوە دا کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە هەموو هەلومەرجێکدا پشتیوان و سەرچاوەی وزە و توانا و ئیرادەی بەرز بوون بۆ بردنەپێشی خەبات و درێژەدان بە خۆڕاگری لە بەرانبەر ئەو ستەم و چەوسانەوە میللی و هەڵاواردنە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییانە کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی بەسەر گەلەکەمانیدا سەپاندووە. کۆنگرەی پانزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دڵنیایە لە داهاتووشدا ئێوە خەڵکی کوردستان لەسەر ئەو هەڵوێستە نەتەوەیی و نیشتمانییەتان هەر سوور دەبن و سەرکوت و خەفەقان و زیندان، ئەشکەنجە و کوشتوکوشتاری دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی کۆماری ئیسلامی، ئێوە لە درێژەدانی ئەو رێگا پڕشانازییەدا ناگێڕێتەوە.

خەبات و بەربەرەکانێی ئێوە کە رۆژانە بە شێوەی جۆراوجۆر لە شار و گوندەکانی کوردستانی ئێراندا خۆی نیشان دەدا، ئەو هەموو ئیعترازو نارەزایەتییەیانە کە چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی کوردستان رۆژانە لێرەولەوێ بەرانبەر بە سیاسەتی دژی گەلییانەی رێژیم بەرێوەی دەبەن، ئەو هەستی بەرزی نەتەوایەتییە و ئەو هەموو وشیاری و ئاگاهییە خەباتگێڕانەیە کە لە نێو رۆڵەکانی گەلەکەماندا خۆی دەنوێنێ، ئەو هەموو هاوپێوەندی و هاوسۆزی و پشتیوانییە کە لەگەڵ هێزە خەباتگێڕەکانی مەیدانی خەبات بەگشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە تایبەتی لە خۆتانی نیشان دەدەن، ئەو هەموو پەیام و راسپاردە و رێنوێنییە دڵسۆزانەیە کە رۆژانە بۆ رێبەرایەتیی حیزبەکەمانی دەنێرن، ئەوە دەردەخەن کە کوردستان سەرەڕای ئەو هەموو سەرکوت و زەبروزەنگە کە رێژیم سی ساڵە بەردەوام بە سەریدا سەپاندوون، هێشتا هەروا سەنگەری لەگیراننەهاتووی ئازادی و دێموکراسی و خەبات و بەربەرەکانێیە و هەموو پیلانەکانی کۆنەپەرستی بۆ لەنێوبردنی بزووتنەوەی گەلەکەمان و بەچۆکداهێنانی خەڵکی کوردستان، پووچەڵ بوونەتەوە. ئێستاش سەرەڕای ئەو هەموو سەرکوت و زەبروزەنگە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستاندا بێجگە لە حزووری پۆلیسی و نیزامی، شتێکی دیکە نیە و ئەو رێژیمە نەیتوانیوە بچووکترین پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی لە نێو خەڵکی کوردستاندا وەدەست بێنێ.

لەبەر رووناکایی راپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبدا، بە هەڵسەنگاندنی وەزعی سیاسیی دونیا و ناوچە و هەلومەرجی خەباتی گەلانی ئێران و بارودۆخی کورد بەگشتی، بە لەبەرچاوگرتنی هەموو پارامێتر و فاکتۆرە سیاسییەکانی مەوجوود و هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانە کە لە ناوچە و ئێراندا لە حاڵی رووداندان، هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی ئەو واقعییەتە کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی نە توانای وڵامدانەوەی بە داخوازە سیاسییەکانی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێرانی هەیە و نە دەشتوانێ ئاڵوگۆڕ لە ماهییەتی کۆنەپەرستانە و دواکەوتووانەی خۆیدا پێك بێنێ، هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ململانێیە کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لەگەڵی دەستەویەخەیە، کۆنگرەی پانزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێی لەسەر پێویستیی درێژەدان بە خەبات و بەربەرەکانێ تا وەدیهێنانی ئامانجەکانی بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی گەلەکەمان داگرتەوە. کۆنگرە جارێکی دیکە هاتە سەر ئەو بڕوایە کە دابینبوونی دێموکراسی و مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران، مەرجی بنەڕەتی هاتنەدەری ئێران لەو وەزعە سیاسی و هەلومەرجە دژوارەیە کە گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران تێیدا دەژین. ئەوەش تەنیا کاتێك ئیمکانی هەیە کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە تەواویەتی خۆیدا نەمێنێ و رێژیمێکی دێموکراتیك بێتە سەر کار کە نوێنگەی ئیرادەی سیاسی هەموو گەلانی دانیشتووی ئێران و بەرهەمی موشارەکەتی سیاسی و چالاکانەی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و مەزهەبی و کولتورییەکانی وڵاتە فرەگەلییەکەمان بێت.

هەمووومان دەزانین کە کارێکی لەو چەشنە بە بێ خەبات و بەربەرەکانێیەکی توند و یەکڕیز و جەماوەری لە هەموو بوارە جۆراوجۆرەکاندا نایەتە دی. هەر بۆیە ئەندامانی کۆنگرەی پانزدەهەمی حیزب پێیان لەسەر ئەو داگرتەوە کە حیزبەکەمان هەموو ئیعتبار و توانای خۆی بۆ پێکهێنانی یەکڕیزی و هاوخەباتی و هاوکاری و هاوئاهەنگیی زۆرتر، لە نێوان هێزە نیشتمانپەروەرەکاندا چ لە کوردستان و چ لە ئێراندا بۆ رووخاندنی دیوارەکانی نێوان ریزەکانی گەل و بۆ دروستکردنی پرد لە نێوان لایەنە سیاسی و کەسایەتییەکاندا بخاتە گەڕ تا بارودۆخی گەشەسەندنی خەبات و بەربەرەکانێ باشتر بڕەخسێ و هەموو هێز و تواناکانی بزووتنەوە لە یەك ئاراستەدا و هاوتەریب لەگەڵ یەکتر بۆ خزمەتی ئامانجەکانی بزووتنەوەی کوردستان بڕۆنە پێش.

حیزبی ئێمە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کە لە کورەی خەبات و بەربەرەکانێدا قاڵ بۆتەوە، لە مێژووی خەباتی خۆیدا، زۆر جار تووشی هەورازونشێو و کەندوکۆسپ بووە، زۆر جار کەوتۆتە بەر شاڵاوی پۆلیسی، زۆر جار رێبەران و تێکۆشەرانی خۆی لەدەستی داوە و بە هەزاران کادر و تێکۆشەر و پێشمەرگەی خۆی کردۆتە قوربانی، بە سەدان ئەندامی فیداکاری لە زیندانەکاندا لە دەست داون، زۆر جار کەوتۆتە بەر پیلانی دوژمنانی گەلەکەمان، بەڵام قەت مەیدانی خەباتی چۆڵ نەکردووە و پشتی لە ئامانجە بەرزەکانی خەڵکی کوردستان نەکردووە.

ئەوەی حیزبی ئێمەی لەو رێگا سەخت و دژوارەدا هێشتۆتەوە، ئەوەی هەمیشە لەو مەیدانەدا وزە و ئیلهام و هێز و گوڕوتینی بە تێکۆشەرانی دێموکرات بەخشیوە، ئەوە بووە کە حیزبەکەمان هەمیشە بە پشتیوانی و یارمەتی و کۆمەکی خەڵکی کوردستان پشتئەستوور بووە. بۆیە کۆنگرەی پانزدەهەمی حیزبەکەمان چاوەڕوانە لە داهاتووشدا هەر وەك رابردوو، بە تایبەت کە قۆناغێکی چارەنووسساز لە خەباتی گەلەکەمان لە ئارادایە و حیزبەکەمان لێبڕاوە هەموو توانا و لێوەشاوەییەکانی خۆی بۆ گێڕانی رۆڵی گرینگ لەو خەباتەدا تەرخان بکا، پشتیوانیی خۆتان لە حیزبەکەمان بەهێزتر و بەرینتر بکەن.

بە پشتیوانی سیاسی لە بەرنامەی حیزبەکەمان، بە حزوورتان لە مەیدانەکانی خەبات و ئیعتراز و بەربەرەکانێدا، بە هاتنتان بۆ ریزەکانی حیزب و بزووتنەوە، بەشداریتان لە خەبات و بەربەرەکانێدا، بە دانی یارمەتی مادی و مەعنەوی بە حیزب و بزووتنەوە، بە پەیداکرانی دۆست و لایەنگر بۆ بزووتنەوەکەمان و بە دانی رێنوێنی و پێشنیار و رەخنە و زانیاری و بە هەر جۆرێکی دیکە کە بۆتان دەکرێ، حیزبی خۆتان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەهێزتر و کاراتر و چالاکتر بکەن. ئێمە رۆڵەکانی دێموکرات، لە کۆنگرەی پانزدەهەمی حیزبەکەماندا، ئەو جاریش سەرلەنوێ پەیمانتان لەگەڵ نوێ دەکەینەوە کە لە داهاتوودا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئاڵای خەبات، بەربەرەکانێ بە دژی ستەم و چەوسانەوەی نەتەوایەتی لە کوردستانی ئێران هەروا بەرز و شەکاوە رابگرێ و جارێکی دیکە دڵنیاتان دەکەینەوە کە حیزبەکەتان، حیزبی پێشەوا، قاسملوو و شەرەفکەندی و هەزاران شەهیدی سەربەرزی دیکە، هەموو توانا و پرستیژی سیاسی خۆی بۆ بەهێزترکردنی بزووتنەوەکەمان و رێکخستنی نێو ماڵی کورد و وەگەڕخستنی هەموو توانا و هێز و لایەنەکانی گۆڕەپانی خەباتی نەتەوەکەمان دەخاتە کار تا هەرچی زووتر گەلەکەمان و گەلانی دیکەی ئێران لەو وەزعە سەخت و دژوارە رزگاری بێت. لە سێبەری دێموکراسی و لە چوارچێوەیەکی سیاسی فیدراڵدا، بۆ گەیشتن بە ئاستی میللەتانی بەختەوەری دونیا هەنگاو باوێ. با پێکەوە، دەست لە نێو دەست رێگای پڕ لە شانازی ئازادی بپێوین. با هەموو تێبکۆشێن لە راستای درووشمی کۆنگرەی پازدەی حیزبەکەماندا، بۆ یەکڕیزی و تەبایی و هاوکاری و هاوئاهەنگی لە نێو ریزەکانی بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتی گەلەکەمان، هەنگاو باوێین و بەو کارە پوختەیی و وشیاری سیاسی خۆمان نیشان بدەین.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو رێگایە پڕ لە شانازییەدا دەڕواتە پێش و چاوەڕوانیشی لە رۆڵەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران ئەوەیە کە وەك هەمیشە پێشوازی لێ بکەن و بۆ سەرخستنی ئەو ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەییە یاوەر و یارمەتیدەر بن.

کۆنگرەی پانزدەهەمی حیزب بە رێزەوە سەیری خەبات و خۆڕاگریتان دەکا و سڵاوی هاوخەباتیتان بۆ دەنێرێ.

سڵاو لە هێزی لەبڕاننەهاتووی گەل

سڵاو لە کۆمەڵانی خەباتگێڕی خەڵکی کوردستان، پشتیوانانی هەمیشەیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

رەزبەی ١٣٩١ی هەتاوی

# پەیامی کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکرات بۆ رووناکبیران، ئەدیبان و هونەرمەندانی کوردستان




رووناکبیران، ئەدیبان و هونەرمەندانی کوردستانی ئێران!

کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆنگرەی «شەرەفکەندی» وەك هەمیشە لەسەر پشتیوانیی لێبڕاوانەی حیزبەکەمان لە ئێوە دڵسۆزانی خاوەن قەڵەم، خاوەن هەستی ئەدەبی و خاوەن هەستی هونەری پێداگری دەکاتەوە. کۆنگرەکەمان کە دەکرێ بگوترێ بە جۆرێك کۆنگرەی هەموو رووناکبیر و ئەدیب و هونەرمەندە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستانی ئێرانیش بووە کە لە پێناو گەلەکەیان لە هیچ فیداکارییەك درێغییان نەکردووە و هەمیشە لە نێو ریزی پێشەوەی خەباتگێڕانی ئازادیخواز و دێموکراسیخوازی نەتەوەکەماندا بوون، بە هەست بە بەرپرسیارەتیی تایبەتەوە ئاوڕی لە دۆخی توێژەی ئێوەی بەڕێز داوەتەوە. کۆنگرەی ١٥ی حیزب، بە سەرنجدان بەوەی ئازادیی روونکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵك و ئازادیی داهێنانی ئەدەبی و هونەری لە ئێراندا رۆژ بە رۆژ بەرتەسکتر دەبێتەوە و رۆژ نیە رووناکبیرێك، ئەدیبێك یان هونەرمەندێکی گەلەکەمان بە تاوانی جیابیری و ئازادیخوازی نەکەوێتە چاڵە رەشەکانی رێژیمی دەسەڵاتدار بەسەر ئێراندا، هیوادارە بە خەباتی بێوچان لە پێناو نەمانی شەوەزەنگی جەهل و نەزانیدا، تیشکی هەتاوی ئازادی دەرکەوێ و وزە و هێزێکی نوێ بە ئەندێشە داهێنەرە نەتەوەییەکانی ئێوەی نەتەوەخۆشەویست ببەخشرێ.

خۆشەویستان!

وەك چۆن سەدە تاریکەکانی ئورووپا لە سەرەتادا و لە کاتێکدا هێشتا دەسەڵاتی کلیسا هەر پەرەی بە جەهڵ دەدا و پێشی بە ئەندێشەی ئازاد دەگرت، بە داهێنانی هزری و ئەدەبی و هونەری بەرەو ئاوابوون رۆیشت، بە هەمان شێوەش لە ئێراندا لە کاتێکدا ئاخوندەکان سەرکوتی ئازایخوازان و هەوڵ بۆ بنبڕکردنی هەر ئەندێشەیەکی ئازادیان گەیاندووەتە لووتکە، داهێنانە هزری و ئەدەبی و هونەرییەکان لە سەرانسەری ئێران کە زۆر جار رەنگدانەوەی جیهانیشیان هەبووە، دڕی بە تاریکی داوە. وەك چۆن لە سەرەونخوونکردنی دەسەڵاتی مەزهەبی لە ئورووپا و واتابەخشینی کردەکی بە مرۆڤبوونی مرۆڤ و دامەزراندنی دەوڵەتی مۆدێرندا، رووناکبیران و ئەدیبان و هومەرندان لە ریزی پێشەوەی شۆڕشەکاندا بوون، هەر بە هەمان شێوەش چاوەڕوان دەکرێ ئێوەش لە ریزی پێشەوەی خەبات لە پێناو کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بن کە بە کەڵکوەرگرتنی ئامرازی لە مەزهەب، تەنانەت زەبری لە مەزهەبیش وەشاندووە.

بەڕێزان!

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تا بە ئەمڕۆ، رۆڵی رووناکبیران، ئەدیبان و هومەندانی شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازی کورد تێیدا بەرچاو بووە، هیوادارە ئەم توێژە شوێندانەرە، بە خوێندنەوەیەکی درووست لە هەلومەرجی هەنووکەی وڵاتەکەمان، بتوانێ لە خەباتی رزگاریخوازانە و ئازادیخوازانەی نەتەوەکەماندا ئەو رۆڵە بگێڕێ کە چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگای کوردستانی ئێران چاوەڕوانییان لێیان هەیە. کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکرات کە لە ژێر دروشمی «هەوڵدان بۆ یەکڕیزی لە پێناو سەرکەوتن»دا بەڕێوەچوو، لە هەموو ئەو رووناکبیر، ئەدیب و هونەرمەندانەی کە لە پێناو نەتەوەکەیان لە بەندیخانەکانی رێژیمدا بەسەر دەبەن، رێز دەگرێ و دڵنیایان دەکاتەوە کە هەوڵەکانی حیزبی دێموکرات لە پێناو یەکڕیزیدا، ئاسۆی سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانجە باڵا مرۆییەکانی نەتەوەی کورد زیاتر لە هەر کات رووناکتر دەکاتەوە.

سڵاو لەو رووناکبیر و ئەدیب و هونەرمەندانەی لە پێناو بیروباوەڕیان لە چاڵەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامیدا بەسەر دەبن

سڵاو لە ئازادیی ئەندێشە، ئازادیی قەڵەم و ئازادیی داهێنان

کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

# سەرکەوتنی ئێمە لە یەکڕیزیدایە

## دەقی وتەکانی بەڕێز مستەفای هیجری، سکرتێری گشتیی PDKI، لە ڕێوڕەسمی کۆتاییهاتنی کۆنگرەی ١٥هەمی حیزبی دێموکراتدا




هاوڕێی بەڕێز و تێکۆشەر!

بەڕێز کاک مەسعود تەک، سکرتێری گشتیی حیزبی سوسیالیستی کوردستانی تورکیە، دۆست و هاوپەیمانی بەڕێزمان، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، هەیئەتی بەڕێزی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، هاوڕێیانی هەیئەتی سازمانی خەباتی کوردستان، مامۆستایانی بەڕێزی زانکۆ، دۆستانی بەڕێز، کادر و پێشمەرگەکان، خوشك و برایانی بەڕێز، سڵاوێکی گەرمتان لێ بێ و بەخێرهاتنتان دەکەم

هەر وەك دەزانن کۆنگرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە حاڵەتی ئاساییدا هەر ٤ ساڵ جارێك پێك دێت. ئەو کۆنگرەیە یەکێك لە کۆنگرە ئاساییەکان بوو و بەخۆشییەوە بە سەرکەوتنەوە کۆتایی هات. کە دەڵێم بە سەرکەوتنەوە کۆتایی هات، لەبەر ئەوەیە کە ئەو کۆنگرەیە وەڵامێکی سەردەمیانە بوو بۆ ویست و داخوازیی ئەوڕۆی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. ئەو کۆنگرەیە هەڵگری چەند پەیامی زۆر روون و گرینگ و سەردەمیانە بوو، لە پێش هەموو شتێکدا کۆنگرە لە ژێر درووشمی هەوڵدان بۆ یەکڕیزی لە پێناو سەرکەوتندا بەڕێوە چوو. ناوەرۆکی ئەو پەیامە بریتییە لەوە کە ئێمە وەك حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرکەوتنی خۆمان وەك حیزبی دێموکرات و سەرکەوتنی نەتەوەکەمان لە یەکڕیزیدا دەبینین. ئەو پەیامە ئاشکرای دەکا کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خەریکی ئامادەکردنی فەزایەکە لە کوردستانی ئێران کە نە حیزبی دێموکراتی کوردستان، نە هیچ حیزبێك و تاکێك قەبزەی قودرەت و دەسەڵات بکا، بەڵکوو داهاتووی کوردستان، دەسەڵاتی کوردستان و حکوومەتی کوردستان هی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە هەموو چین و توێژەکانیەتی. بۆیە پەیامەکەمان یەکڕیزییە و یەکدەنگییە بۆ ئەوەی کە هەموومان تێیدا بەشدار بین. ئەگەر دەمانهەوێ هەموومان لە دەسەڵاتی داهاتووی کوردستاندا بەپێی دەنگی خەڵکەکەمان بەشدار بین، ماناکەی ئەوەیە کە بۆ ئامادەکردنی ئەو فەزایە دەبێ هەموومان پێکەوە کاری لەسەر بکەین و هەوڵی بۆ بدەین، هیچ حیزبێك هیچ دەسەڵاتێك و هیچ تاکێك ناتوانێ و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئیجازە نادەن بە تەنێ ویست و داخوازەکانی خۆی بەسەر خەڵکدا تەحمیل بکا. ئێمە بە بیروباوەڕ و لێکدانەوەی سەردەمیانە ئەو دروشمەمان هەڵبژاردووە بۆ کۆنگرەکەمان. ئەو پەیامە تەنها شوعارێکی بەتاڵ نیە، بەڵکوو لە چەند مانگ پێش دەستپێکردنی کۆنگرەوە ئێمە هەوڵمان داوە ئەو فەزایە بخولقێنین، ئیمزاکردنی پەیمانێکی هاوکاری لەگەڵ هاوڕێیانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان کە بۆ یەکەم جار لە نێو ڕێکخراوەکانی کوردستانی ئێراندا هاوپەیمانییەکی لەو چەشنە جێبەجێ دەکرێ و هەروەها پەیامی دۆستانە و داخوازیی دێموکراتیکمان لەو هاوڕێیانەی کە چەند ساڵ لەوەپێش لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جودا بوونەوە و ئامادگی حیزبی دێموکرات بۆ دیالۆگ ـ ڕێگای چارەسەری موشکلاتی ئەوڕۆ بە شێوەیەکی سەردەمیانە ـ نیشانەی ئەو بیروباوەڕەن و ئێمە بە ئەرکی خۆمان دەزانین کە لە پێناو ئەو سیاسەتەدا هەنگاوی دیکەش هەڵگرین و هەر بەو شێوەیە چاوەڕوانیشمان هەیە کە ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکە، کەسایەتییە شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازەکان بە پیر ئەو بانگەوازەوە بێن بۆ ئەوەی کە هەموومان پێکەوە بتوانین کۆمەڵێکی دێموکراتیك و دەسەڵاتێکی سەردەمیانە لە داهاتووی کوردستاندا فەراهەم بکەین، بە تەجروبەوەرگرتن لە هەموو ئەو هەڵە و کەموکوڕییانەی کە ئێمەی کورد لە مێژووی جووڵانەوەکەماندا بوومانە.

پەیامێکی دیکەی کۆنگرەکەمان ئەوە بوو کە بە خەڵکەکەمان ڕابگەیەنین، بە دۆستانمان، بە هاوپەیمانانمان ڕابگەیەنین کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەڕای ئەوەی کە لە سایەی تێکۆشانی کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و لایەنگرانیدا لە ماوەی ٤ ساڵی ڕابردوودا هەنگاوی باشی بەرەوپێش ناوە، بەڵام ئەوە قەت ئێمە ڕازی ناکا، بۆیە ئێمە لەو بەشە لە ڕاپۆرتدا کە لەسەر حیزبی دێموکرات باس دەکا زۆر ڕاشکاوانە تێکۆشانە جۆراوجۆرەکانی حیزبی دێموکراتمان خستۆتە بەر ڕەخنە، ڕەخنەیەکی بێ ڕەحمانە، چونکە پێمان وایە کە دەبێ ئێمە زۆرتر کار بکەین، دەبێ سەردەمیانەتر بێ، دەبێ پڕۆژە و بەرنامەی پێشکەوتنخوازانەی زیاترمان هەبێ بۆ گەیشتن بە ئامانجی نەتەوەکەمان کە چاوەڕوانییان لە ئێمە هەیە. جالبتر لە هەمووی ئەوە بوو کە ئەو پەیامە کە لە لایەن کومیتەی ناوەندییەوە پەسەند کرا و پێشکەش بە کۆنگرە کرا لە لایەن کومیتەی ناوەندییەوە کە بەرپرسانی بەشە جۆراوجۆرەکانی حیزبی تێدا بوون تەئید کرا. بەپێی سابقەیەکی کە من لە خزمەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بووم، دەتوانم عەرزتان بکەم کە ئەو بەرخوردەی حیزبی دێموکرات بەنیسبەتی کار و بەرنامەکانی خۆی نەك هەر لە مێژووی جووڵانەوەی حیزبی دێموکراتدا بەڵکوو لە نێو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردی ئێران و تەنانەت دەتوانم بڵێم کە لە خاوەرمیانەشدا بێ وێنەیە. ئێمە لەو ڕاپۆرتەدا بە خۆمان هەڵنەگوتووە، سەرکەوتنەکانمان نەکێشاوەبە ڕووی خەڵك، بەڵکوو موتەوازیعانە باسمان لە کەموکوڕییەکانمان کردووە و من پێموابێ بەو بەرخوردە بە خۆمان و ڕەخنەگرتن لە خۆمان دەروازەیەکی نوێ بە ڕووی کۆمەڵگای ئەوڕۆی کوردستاندا دەکرێتەوە.

خۆشەویستان!

ئێمە هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکان، حیزبی دێموکرات بەتایبەتی، بۆیە دەڵێم بەتایبەتی کە من لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە قسە دەکەم، وەك کۆمەڵگای ئێمە، وەختی هاتووە کە لە جیاتی بەخۆهەڵگوتن، خۆبەزلزانین و نەخوێندنەوەی بیروبۆچوونی جیاواز لە کۆمەڵگای ئێمەدا کە یەکجار زۆرە، لە باتی هەمووی ئەوانە ڕەخنە لە خۆی بگرێ کە ڕەخنە لە خۆی دەگرێ بە مانای سیاسییەکەی ئەوەیە کە هەموو حەقانییەتەکان هەموو ڕاستییەکان لە لای حیزبی دێموکرات نین، لە لای خەڵکی دیکەشن، بە مانای ئەوەیە کە ئێمە ڕێز دەگرین لە بیروبۆچوونە جیاوازەکانمان هەم لە حیزبی دێموکرات هەم لە دەرەوەی حیزبی دێموکرات.

لە ماوەی نیزیك بە حەوتوویەك کاری چڕوپڕی کۆنگرە ئەو ساڵۆنە مەیدانێکی دڵخۆشکەر و ئومێدبەخش بوو بۆ نەهادینەترکردنی دێموکراسی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا زیاتر لەوەش، بیروبۆچوونە جیاوازەکان، سەلیقە جیاوازەکان لەسەر ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی، هەروەها لەسەر گەڵاڵەی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکرات بە شێوەی ئازاد کەوتنە بەر لێکدانەوە و جەڕاحیکردن. بیرم لەوە دەکردەوە کە ڕەنگە هێندێك لەو خەڵکانەی کە چاوەڕوانی نەتیجەی کۆنگرەن برێك درێژبوونەوەی ئەو کۆنگرەیە بە نیگەرانییەوە سەیر بکەن، بەڵام لێرە باسی دەکەم کە هۆی درێژبوونەوەی ڕۆژانی کۆنگرە بەحسێکی دێموکراتیك بوو کە ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە ئەندامانی بەشداری کۆنگرە تێیدا بەشدار بوون، بۆیە ڕاپۆرتێك کە بە ناوی کۆنگرە و بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاو دەبێتەوە و دەگا بە دەستی خەڵك و هاوڕێیانمان، ئاکامی لێکدانەوەی ئازادانەی بیروبۆچوونی سەردەمیانەی سەرجەم یا زۆربەی زۆری ئەندامانی بەشدار لەو کۆنگرەیەدا و ئەو کەشوهەوا ئازادەیە کە لە کۆنگرەدا پێکهات. ئەو بیروباوەڕ و بۆچوونەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆتە ئاڵاهەڵگری بەرهەمێکی زۆر دڵخۆشکەری دیکەی بۆ من پێك هێنا، ئەویش ئەوە بوو کە دوای باسەکان لە هەڵبژاردنێکی ئازاد و دێموکراتیکدا حیزبی دێموکرات لە کۆنگرەکەیدا ڕێبەرایەتییەکی هەڵبژارد کە یەکەم ڕواڵەتی نوێ و گەنجی هاتە نێوەوە کە ئەوە یەکێك لە بەرنامەکانی ئێمەیە کە کۆنگرە بە کۆنگرە فەزایەك ساز بکەین لە بەینی لاوەکانماندا، لە ناو گەنجەکانماندا، مەیدانیان بدەینێ تا تاقیکاری بکەن و خۆیان تەجرووبە وەربگرن و بکەونە بەر نەزەری خەڵکێك کە کاریان لەگەڵ دەکەن، بۆ ئەوەی کە بێنە ڕیزی ڕێبەرایەتی، ببنە گەنجێکی ئازموون دیدە و تەجرووبەکردوو. ئەوە یەکێك لە بەرهەمەکانی هەڵبژاردنەکە بوو، بەڵام لەوەش دڵخۆشکەرتر ئەوە بوو کە حیزبی دێموکرات نیشانی دا کە حیزبێکە لە شوماڵ ڕا تا جنووبی کوردستان، چوونکە پێکهاتەی ئەو ڕێبەرایەتییە کە هەڵبژێردرا لە سەڵماس ڕا تێدایەتی تاکوو دەگاتە کرماشان.

هاوڕێیانی بەڕێز!

هاونیشتمانانی بەڕێز!

ئێمە لە کۆنگرەی پازدەهەم لە کۆنگرەی سادق شەرەفکەندی، تەنها هەنگاوێکمان هەڵێناوتەوە و هێشتا ماومانە. بەڵام ئەو ڕێگایە بە حیزبی دێموکرات بە تەنێ بە کۆتایی ناگات، بەڵکوو ڕزگاری کوردستان، ئازادی کوردستان و پێکهێنانی فەزایەکی سیاسیی دڵخواز کە هەموومان چاوەڕوانی دەکەین و کاری بۆ دەکەین و لەو ڕێگایەدا دەیان هەزار قوربانی دراوە، پێویستی بە هاوکاری و موشارکەتی تاك تاکی کۆمەڵگای کوردستان هەیە. بێ گومان لەو ڕێگایەدا ئەرکی ئێمە حیزبە سیاسییەکانی تێکۆشەر لە مەیدانی سیاسیی کوردستاندا گرینگترە. ئێمە وەك حیزبی دێموکرات، ئەو گرینگییە هەست پێ دەکەین و کۆنگرەی دوکتور سادق شەرەفکەندی، داهاتوویەکی لە پێش چاوی ئێمە کردۆتەوە و ڕێگایەکی بە ئێمە نیشان دا کە بەو ڕێگایەدا بڕۆین بەپێی توانا و بەپێی ئیمکانات و وەزعییەتی سیاسیی مەنتەقە و ناوچە. بەڵام لەو ڕێگایەدا پێویستیمان بە موشارکەت و بەشداریی هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئازادیخوازی کوردی ئێران و هەموو کۆمەڵانی خەڵکی ئێران هەیە و بە هەموو چین و توێژەکانی ئێران هەیە. چوونکە ئێمە لەو باوەڕەداین کە ناتوانین ئازاد بین و ناتوانین لە چنگ ستەم ڕزگاریمان بێ، مادام کە هەموومان پێکەوە کار نەکەین. هەڵگرانی بیروباوەڕی ئایینی، دێموکرات، سوسیالیست و هەر بیروبۆچوونێکی دیکە کە لە کوردستاندا هەیە، زەمانێك دەتوانن پەرە بە بیروبۆچوونی خۆیان بدەن کە فەزایەکی دێموکراتیك پێك بێت، کە ئێمەی کورد خاوەنی ئیدارە و دەسەڵاتی ناوچەیی خۆمان بین و لە ئێراندا بتوانین لە چوارچێوەی یاسایەکی دێموکراتیکدا وەکوو هاووڵاتیانی دیکە کاریگەریمان هەبێ لە چارەنووسی نەتەوە و وڵاتەکەماندا. بۆیە ئەو پێویستیی و زەروورەتە بۆ هاوکاری کردن، بە سینگ فراوانی و تەحەمولی نەزەری جیاواز لەو ڕۆژەدا لە هەموو کاتێك زیاتر خۆی دەردەخا. زەمانیش زۆر وەبەریەوە نەماوە. ئەو ڕێپێوانانەی کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە چەند شارێکی ئێراندا و زۆرتر بازاڕییەکان بە ئێعتراز بە وەزعی خراپی ئابووری ئێران بەڕێوەیان برد، پەیامێك دەدات بە ئێمە و ئەو پەیامەش پەیامی وشیارکردنەوەیە و پێمان دەڵێت کە زەمانی یەکگرتن و یەکڕیزی و تەبایی گەیشتووە و ڕووداوەکان زۆر لەوە خێراتر تێدەپەڕن کە لەسەر ئێمە ڕاوەستن کە بزانن ئێمە کەنگێ ئامادە دەبین. کەوابوو دەبێ بە جیددی خەریکی خۆسازدانەوە بین و ئەو خۆسازدانەوەش پێویستی بە فەرهەنگ و بیروبۆچوونێکی نوێ هەیە، ئەگەر ئێمە چ وەکوو تاك و چ وەکوو حیزبە سیاسییەکان لە فیکری تۆڵەکردنەوەدا بین، خاڵە جیاوازەکان لە بەرچاومان بێ، یان خودای نەخواستە لە فیکری ئەوەدا بین کە بە تەنێ ببینە هەموو شتێك لە کوردستاندا، هەر ئەو چارەنووسەمان دەبێ کە لە ڕابردوودا بوومانە.

ئێمە بۆ ئەوەی کە بتوانین لەو ئاڵوگۆڕانە کە چاوەڕوانیان دەکەین کە زۆریش ناکێشێ، پێویستە بەهێز ببین و هێزیش لە یەکگرتندایە. پەیامی کۆنگرە، لایەنی دیکەشی هەبوو و ئەویش ئەوە بوو کە ئێمە لە ڕاپۆرتدا تەنیا باسمان لە کوردستان نەکردووە و بەڵکوو ئێران بەگشتی بۆ ئێمە گرینگە، چوونکە هەر ئاڵوگۆڕێك بێتە پێشێ، لە پێشدا دەبێ لە هەموو ئێراندا بێتە پێش. بۆیە ئێمە بە نیسبەت ئاڵوگۆڕەکانی ئێرانیش خەمسارد نەبووین لەو کۆنگرەیەدا ئەو پەیامەشمان بە هاونیشتمانانی ئازادیخوازی دێموکراتی خۆمان داوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێناو یەکڕیزی، تەبایی و ئامادەکردنی پرۆژە و بەرنامە بۆ ئێرانێکی دێموکراتیك کە مافی هەموو تاکەکان، نەتەوەکان و گرووپە ئاینییەکانی بە هەموو جیاوازییەکانەوە تێدا هەبێ، ئامادەیە کاری بۆ بکات وەکوو لە ڕابردوو کارمان بۆی کردووە و لە ئێستادا ئامادەین کە مایەی زیاتریشی لەو بوارەدا بۆ دابنێین و لەو پێوەندییەدا دەستی هاوکاری بۆ هەموو ئازادیخوازانی ئێران، بەتایبەت ڕێکخراوە ئازادیخواز و پێشکەوتنخوازەکان درێژ دەکەین. ئێمە ئەگەر باوەڕمان بەوەیە کە لە کوردستانی ئێراندا هیچ حیزبێك بە تەنێ ناتوانێ دەسەڵاتی کوردستان بە چنگەوە بگرێ و قەبزەی بکات، هەر ئاوا باوەڕمان هەیە کە ئەو سەردەمەش تێپەڕیوە کە کەسێك یان گرووپێك بە هەر نێوێك و لە ژێر هەر درووشمێکدا، جارێکی دیکە ببێتە عاملی سەرکوت و زەبروزەنگ و پێشێلکردنی مافی نەتەوەکانی ئێران. ئێمە بۆ ئاوەدانکردنی ئێرانێکی ئاوا و بۆ کوردستانێکی ئازاد، بە ئەرکی خۆمان دەزانین کاری بۆ بکەین و لەو پێوەندییەدا ماندوونەناسانە تێدەکۆشین. دیارە نامەوێ باسەکەم زۆر درێژ بێتەوە، چوونکە لە ڕاپۆرتی کۆنگرەدا کە بڵاو دەبێتەوە و بە دەستتان دەگات باسمان کردووە، ئێمە بۆ ئەو داهاتوویە چ لە کوردستاندا چ لە ئێراندا، ڕێگا و شوێنمان دیاری کردووە و پێشنیار و بەرنامەمان داوە و لە پێشدا بۆ حیزبەکەمان. هیوادارین بە موشارکەتی هەموولایەنە بتوانین ئەو ڕێگایە بپێوین و بتوانین بەو ئامانجەی کە بنەماڵەی شەهیدەکانمان چاوەڕوانی دەکەن و ڕۆحی شەهیدەکانمان لێمان داوا دەکەن بگەین و هەموومان سەربەرزانە و بە سەربڵندییەوە شاهیدی بەختەوەری و ڕفاە و ئاسایش و ئازادی لە نێو نەتەوەکەی خۆماندا بین. جارێکی دیکە سوپاس بۆ بەشداریتان و بۆ تێکۆشانتان و هیوادارم هاوڕێیانی خۆشەویستم لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، دۆستان و هاوپەیمانانمان و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران و هەروەها ئازادیخوازانی ئێران بەگشتی، لاپەڕێکی نوێ لە بەرنامە و بیرکردنەوە و تەعامولی دێموکراتیك لەگەڵ یەکتری هەڵدەنەوە و تەنها ئەوە ڕێگای سەرکەوتنە. هەروەها جارێکی دیکە سپاسی بەشداریی هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکان، میوانە بەڕێزەکان دەکەم. بەشداریی ئێوە نیشانەی دۆستایەتیی زیاتر، قورسایی زیاتر و هاوپەیمانی زیاتر و ئۆمێدی زیاتر بۆ لە یەك نێزیکبوونەوە بە مەبەستی ئەو ئامانجانەن کە لێرەدا باسم کرد. هەمووتان بە خودای گەورە دەسپێرم و سپاستان دەکەم و لە ژیانی شەخسیتاندا ئارەزووی سڵامەتی و لە ڕێبازی ئازادیی کوردستان و حیزبیدا داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەم.

# پەیامی مۆهەندس رەزا خەیاتی
# بە بۆنەی کردنەوەی کۆنگرەی پانزدەهەمی حیزبی دێموکرات

دۆستانی بەڕێز!

بەشداربووانی کۆنگرەی پانزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

من، رەزا خەیاتی، کادری لەمێژینەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خوشحاڵم کە پاش ٣٢ ساڵ خزمەت بە حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی نەتەوەی کورد، شانازیی کردنەوەی کۆنگرەی پانزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانم پێ براوە. بەتایبەتی وەکوو ئازادیخوازێکی تورکی ئازەری، پاداشی زەحمەتەکانی ساڵانی رابردووم لە ریزەکانی ئەم حیزبە بە وەفاداری و بە رەوابینینی ئەم کارە شایستە، وەردەگرم.

باوەڕ بکەن ئەم ساتانە نەتەنیا بۆ من لەبیرنەکراون، بەڵکوو هاندەرێکە کە باقی تەمەنیشم لە هەمان رێگەی پڕ لە سەرەوەری بەسەر ببەم و تا ئەو شوێنەی لە توانامدایە، درێژە بە خزمەتەکانم بدەم.



من، بزووتنەوەی نەتەوەی کورد بە بزووتنەوەیەکی بەرحەق و مافویست دەزانم کە تایبەتمەندییە دێموکراتیکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، من و منەکانی بەرەو ئەم حیزبە خۆشەویستەی نەتەوەی کورد راکێشاوە. لە رێبەرانی ئەم حیزبە زۆر فێر بووم و یادی قازی، قاسملوو و شەرەفکەندیم هەمیشە لە دڵمدا زیندوو هێشتووەتەوە. بە هاوسەنگەری لەگەڵ هەموو ئێوە رێبەران و ئەندامانی حیزبی دێموکرات شانازی دەکەم.

ئاواتم ئەوەیە کە کۆنگرە بە دەستکەوتگەلێکی زیاترەوە بەرەو پێشکەوتن و سەرکەوتن هەنگاو بنێ و حیزب بەرەو پێگەیەکی بەرز رێنوێنی بکات و لە هاوهەنگاوی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەدا، بەتایبەت تورکی ئازەری لە ئێراندا سەرکەوتوو بێ.

وێڕای پیرۆزبایی کردن لە یەك بە یەکی ئێوە بەشداربووانی کۆنگرە و جەماوەری نەتەوەی کورد، سەرکەوتنی هەرچی زیاتر بۆ کۆنگرە و بۆ ئێوە ئاواتەخوازم و لەو لوتفەی لە حەقی مندا کردتان، زۆر سپاستان دەکەم.

وێڕای سپاسی دووبارە

پێشمەرگەی دێرینی حیزبی
دێموکراتی کوردستانی ئێران
رەزا خەیاتی

# پەیامی خاتوو نەسرین قاسملوو بۆ پانزدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکرات

رۆڵەکانی نەتەوەی کورد!

هاوڕێیانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

دۆستانی بەڕێز!

کۆنگرەکەتان ژمارەکەی گەیشتۆتە ١٥ و ئەوەش سەلمێنەری ئەوەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە خەباتی خۆی بەردەوامە، ئەوش بووەتە هۆی رەزامەندی و دڵخۆشیی نەتەوەی کورد و هەروەها من.

نەتەوەی کورد کە پتر لە ٣٣ ساڵە لە ژێر دەسەڵاتی بێبەزەیی ئاخووندەکاندا ئازار دەکێشێت، هیوای بە ئێوەیە، چونکە جگە لە ئێوە، رۆڵە خەباتکارەکانی، کەسی دیکەی نیە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە درێژایی مێژووی پڕ لە شانازیی خۆی، هەورازونشێوی زۆری هەبووە، بەڵام لە هەموو حاڵێکدا، شێلگیرانە رووبەڕووی کۆسپەکان بووەتەوە و هەردەم حازر و ئامادە بووە و خەباتی خۆی بردۆتە پێشێ.

سروودی نەتەوەیی کورد دەڵێت: «کەس نەڵێ کورد مردووە ـ کورد زیندووە.» هەر کوردێکی نیشتماندۆست و نیشتمانپەروەر بە سەربڵیندی و چاوی پڕ لە فرمێسکەوە دەیڵێتەوە. ئەو دەزانێت کە هاونیشتمانەکانی بە خوێنی خۆیان داری بوونی نەتەوەکەیان ئاودێر کردووە و نەتەوەکەی چ ئازار و چەرمەسەریگەلێکی کێشاوە. هەر کوردێکی نیشتمانپەروەر شانازی بە رابردووی نەتەوەکەیەوە دەکات و لە هەمان کاتدا خەبات بە تاکە رێگای ئازادی دەزانێ. ئەو دەزانێت کە ئامانج لە خەبات، رزگاریی نیشتمانە و ئەوەی کە لەم نیشتمانە رزگارکراوەدا، رەچاوکردن و رێزگرتن لە مافی مرۆڤ یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی دێموکراسی و دەشزانێ کە چیدی کاتی ئەوە هاتووە کە پێویستە نەخوێندەواری و کەم خوێندەواری بنبڕ بکرێن، لەبەر ئەوەی کە ئەو دوو دیاردە ناحەزە، چ لە کاتی خەباتدا و چ لە کاتی ئاشتیدا، دەبێتە کۆسپی سەرەڕێی پێشکەوتن.

ئێوە رۆڵەکان و خەباتکارانی کورد، هیوای هاتنەدیی ئارمانجەکانی بەرەکانی پێش خۆتان و هەروەها خەڵکی زوڵملێکراوی خۆتانن. ئێوە میراتگرانی رێبەرانێکی بلیمەت و لێزان و خەباتکارانێکی گیانفیدان. ئەم میراتە گرانبایە، هەم جێگای شانازییە و هەم هۆکاری پڕناوەرۆکبوون و قووڵبوونەوەی خەباتە رزگاریخوازانەکەتانە.

کۆنگرەکەتان پڕناوەرۆك بێت
سەرکەوتوو بن
نەسرین قاسملوو
پاریس ٦ ـ ٧ ـ ٢٠١٢

# پەیامی بەڕێز مەلا حەسەن شێوەسەڵی بۆ کۆنگرەی پانزدەهەمی حیزبی دێموکرات

ئازیزانم! تێکڕای بەشداربووانی کۆنگرەی پانزەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران! لە ناخی دڵەوە رێز و حورمەت و تاسەی دیدارم هەیە. شادمان و سەربەرزم لە کاتێکدا هەواڵی بەسترانی کۆنگرەی پانزەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانم پێ دەگات کە ئاسۆی خەبات و تێکۆشانی گەلانی ناوچە گەشاوە و روون و روونتر دەبێت و تەلسمی گرێکوێرەی جادووگەرانی ئەم هەرێمە یەك لە دوای یەك پووچەڵ دەبنەوە و دوای دارمانی کۆشکی ژمارەیەکی بەرچاو لە ستەمکارانی سەرگۆی ئەم جیهانە، یەکێك لە قین لە دڵترین و قەرەچناقترین خوێنمژانی مێژووی هاوچەرخ، واتە بنەماڵەی جینایەتکاری ئەسەد، رووەو داتەپین و سەرەنگرێبوونی یەکجاری، وەك پێشەنگی هاوپەیمانانی نیزیکی خۆی لە ناوچەدا سەرەولێژ، خەریکە سەر لە زبڵدانی مێژوو ڕا دەکات. لەو کاتە ناسکەدا شانازی دەکەم کە حیزبی ئێمە چ لە ئاستی ناوخۆ و چ لە پێوەندی لەگەڵ هێزە کوردستانییەکاندا لەسەر گوێڕاگرتن و دیالۆگ، نەك وەك تەنازول و پاشەکشە، بەڵکوو وەکوو هونەر و مەنتقی کارا پێ دادەگرێ، کە ئەمن لێرەدا جورئەت و بوێرییەکی بەرچاو لە پشتی ئەم هەڵوێستە دلێرانەیەدا هەست پێ دەکەم. دڵنیام کە حیزبی ئێمە لە ئاستی ناوخۆدا بەم ئاکامە گەیشتووە کە لەیەك نێزیکبوونەوە بە مەبەستی وەدەستهێنانی ئیمتیازی تاکەکەسی، خۆگوشین بۆ گەیشتن بە ترۆپکی دەسەڵاتی تەشکیلاتی بە هەمان مەبەست، درزپێدان و قەڵاشتن، دیسان لەیەك نیزیکبوونەوە بۆ ئیمتیازی مۆدێل تازەتر، لە دیوی دیکەی مەسەلەکەیدا، جووڵانی لە گۆترە و پینەوپەڕۆی بێلێکدانەوە و گرێبەست و پەیوەندیی ئەڵابەختەکی و حەرەکەتی نمایشی و تێئاتریکاڵ، هیچیان ناتوانن نوسخەی شیفابەخش و چارەنووسساز بن. هەموو لایەنەکان بە روونی ئەوەی دەزانن کە بە کوردی و بە کورتی دراماتیزەکردنی رووداوی بچووك و کەم ئەهەمییەت، رۆمانتیزەکردنی واقعییەتە تفت و و تاڵەکان، دەبڵ ستانداردبوون و یان خۆمانەتر بڵێین بانێك و دوو هەوا بوون، سیاسەت لەگەڵ یەکتر کردن و بەکارهێنانی ستایلی دووپێوانەیی، جگە لە ئاڵۆزترکردن و گرژکردنی پێوەندییەکان و شکست و ناکامی، ئاکامێکی دیکە بە دوای خۆیدا ناکێشێ. دڵنیام کە حیزبی ئێمە وەکوو رابردوو قەڵسە لەیەك گێڕان و نامۆیی و لەیەك ترازان، کەڵکوەرگرتن لە سیاسەتی قەڵتوبڕکردن و لەیەکدابڕین، وەك سیلاحێکی ئیستتارکراوی ئیستراتژیکی لێدان و تێکدان و ترشاندنی زەوق و چێژی جەماوەری تێکۆشەری کوردستان بە هێڵی سوور دەزانێ. دەست بە دۆعاین کە حیزبی ئێمە لەو کۆنگرە چارەنووسسازەدا مێتۆدێك دابێنێ و ستایلێك بخوڵقێنێ کە درێشووکەی شمشێری دووسەری قەڵتوبڕکردن و لەیەك ترازاندن، وزەی ئەوەی تێدا نەمێنێ، دەنا سۆرە کۆنەکان راچێتەوە و زامە مێژووییەکان بکولێنێتەوە. چاوەڕوانین کارێکی وا بکرێ کە ئەو چەکە ئێحتیاتییە ژەنگاوییە لە گۆڕیچەی تەنگ و تاریکی کالانی مێژوودا مۆرکە و خۆرەی ئەبەدی بۆ هەتا هەتایە لێ بنیشێ. بۆ ئەوەی زۆرتر بتوانرێ بۆ وەدەستهێنانی ئاشتیی راستەقینە و یەکڕیزی و هاودەنگی و هەماهەنگی و وەدیهێنانی خەون و ئاواتەکانی زۆرلێکراوانی کوردستان هەنگاوی جیددی و شەفاف و چارەنووساز هەڵبگیرێ، هەموومان بڕوای توندمان بەوەی هەیە کە تەمتومان و تاریکی هەرچەندە بەرین و هەست و چڕوپڕ بێ، ناتوانێ تروسکەی مەشخەڵی ئۆمێدی ئازادیخوازانی کوردستان بخنکێنێ، دلاوەرانی جەربەزەی ئەوڕۆی مەیدانی نەبەرد و تێکۆشانی سەخت و بێوچانی گەلەکەمان، میراتگر و رۆڵەی ئەو پاڵەوانانەن کە لە مەیدانی پێکهەڵپڕژانی حەق و ناحەق و تاریکی و رووناکیدا وەك قومەئاوێکی بخۆنەوە لە بەرچاوی هەموومان دڵخوازانە و خۆبەخشانە، شەربەتی نەمانیان نۆشی و ئەمنیش سەرم وەسەر خۆڵی بەرپێیان کرد. هەتا دایکانی جگەرسۆزی کوردستان لەسەر رەوانەکردنی پۆل پۆلی گوڵی ئۆمێدی خۆیان بۆ مەیدانی گەرمی کارەزار و بەرخۆدانی کوردستان ئاوا سوور بن، ئاڵای کوردایەتی و مەردایەتی هەر شەکاوە دەمێنیتەوە. سڵاو لە ئاشتیی راستەقینە و بێگرێوگۆڵ. پیرۆز بێ و سەرکەوێ کۆنگرەی پازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کورستانی ئێران. سەرکەوتوو بێ خەباتی سەخت و خوێناویی گەلانی سووریا و هەموو گەلانی بندەستی ئەو جیهانەی. سەرەنگرێ بێ کۆماری ئیسلامیی ئێران. نا بۆ دوژمنایەتی و نامۆیی.

مامۆستا حەسەنی شێوەسەڵی
٨ی سێپتامبری ٢٠١٢

## رۆژهەڤ

و: رەزا فەتحوڵڵانژاد

### کوردەکانی سووریە بۆ ژیانی پاش ئەسەد ئامادە دەبن

«کوردەکانی سووریە بۆ ژیانی پاش ئەسەد ئامادە دەبن» بە قەڵەمی «لاڤدەی مۆریس» ناوی راپۆرتێکە کە لە «واشینگتۆن پۆست»دا بڵاو کراوەتەوە. نووسەر لە سەرەتادا نووسیویەتی: «ماشینێکی نەوت لە دەرەوەی وێستگەیەکی نوێی پۆلیس لە شاری گیرکیلیج لە ناوچەی گرینگی بەرهەمهێنەری نەوتی سووریە وەستاوە کە تازە بە تازە بە زمانی کوردی لەسەری نووسراوە. لە بینایەکی سێ ژووری دارماودا کە سەردەمێك وێستگەیەکی ئاگرکوژێنەوەی سەر بە حکوومەت بووە، رایزان تورکمانی، پیاوێکی لاوی جوان چاك کە چەکێکی هێرشبەرانەی کڵاشینکۆفی لەشانە، سەرپەرشتی هێزێکی بەکۆمەڵی ١٤٠ کەسی لە خۆبەخشە خۆجێییەکان دەکات. ئەو بەرنامەکانیان بۆ کردنەوەی ئاکادێمییەکی راهێنان بۆ ئەو کەسانەی لەو چەند مانگەدا دامەزراون، روون دەکاتەوە. ئەو وتی: ئەمە بارودۆخێکی بەپەلەیە، کەوابوو ئێمە ناچارین بەپەلە بجووڵێنەوە. ئێمە بۆ خودموختاری و بەڕێوەبردنی کاروباری خۆمان کار دەکەین. . .ئێمە دەبێ کاتێك رێژیم دەڕووخێ، ئامادە بین.

نزیك بە ١,٧ میلیۆن کوردی سووریە، واتە نزیك بە ١٠ لە سەدی حەشیمەتەکەی، تەنیا گرووپن کە خاوەن مێژوویەکی بەرهەڵستکاریی رێکخراو دژ بە حکوومەتی بەشار ئەسەدن، بەڵام لە کاتێکدا زۆربەی شارەکان لە ماوەی ١٨ مانگ راپەڕیندا، شایەتی نارەزایەتییە دژەحکوومەتییەکانن، ئەوان لە پەیوەستبوون بە ئۆپۆزیسیۆنی چەکدار خۆیان بواردووە».

نووسەر دواتر ئاماژە بە خۆئامادەکردنی هەمەلایەنەی کوردەکان لە ناوچە ئازادکراوەکانیان بۆ پاش حکوومەتی ئەسەد دەکات و ئاوڕێکی کورت لە مێژووی سەرکوتی کوردەکان لە لایەن رێژیمی بەعسی ئەو وڵاتە دەداتەوە.

ئەو دواتر ئاماژە بەوە دەکات کە تورکمانی چاوی لە دەستبەسەرداگرتنی بینایەك کە چەندسەد یارد دوورترە و ئاڵای جووت ئەستێرەی سووریە لەسەریدا دەشەکێتەوە، بڕیوە. دواتر دەنووسێ: «دەستەوەستانی حکوومەت لەوانەیە بڕیارێکی ستراتیژیکی بەدواوە بێ بەمەبەستی خۆبواردن لە کردنەوەی بەرەیەکی دیکە لە شەڕ یان وەك زۆرێك لە ئۆپۆزیسیۆنی سووریە دەڵێن دەتوانێ ببێتە هۆی بەهێزبوونی بزووتنەوەی جیاییخوازی کورد لە تورکیە بۆ ئەوەی ئانکارا ناچار بە کەمکردنەوەی پشتیوانی لە شۆڕشگێڕانی سوپای سووریەی ئازاد بکات.»

دواتر ئاماژە بە هەڵوێستی تورکیە دەکات کە نیگەرانیی خۆی لە بارودۆخی کوردەکانی سووریە و رۆڵی «پ.ك.ك» لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستانی سووریە دەربڕیوە.

راپۆرتنێرەکە دواتر ئاماژە بە بوونی دوو بەرە لە نێو کوردەکانی سووریە دەکات، «PYD» کە لە «PKK» نزیکە و وێنەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، سەرۆکی ئەو پارتەیان بە دیواری مەقەڕەکەیان هەڵواسیوە و حیزبی دێموکراتی کوردی کە وێنەی مەسعوود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانیان بە دیواری مەقەڕەکەیان هەڵواسیوە. دواتر باسی ئەوە دەکات کە موحەممەد ئیسماعیل، رێبەری حیزبی دێموکراتی کورد رەخنەی لە «PYD» گرتووە و وتوویەتی چەند کەس لە لاوانی ئەندامی پارتەکەیان لە لایەن ئەوانەوە دەستبەسەر کراون و چارەنووسیان نارِوونە. راپۆرتنێرەکە ئەم بارودۆخە بۆ داهاتووی کوردەکانی سووریە بە جێی نیگەرانی لەقەڵەم دەدا.

سەرچاوە:
Washingtonpost.com

فەتاح ئەمیری

# شینی ژیلا

ئەو دەمەی پایزە، زەردی دێنێ
گژەبا تووڕەیە گوڵ دەرفێنێ
ئەو نەمامەی کە شل و ساوایە
ئەو گوڵەی تازە دەپشکوون دایە
تەڕ و تورت، سوور و سپی، ئاڵ و گەش
زوو پەلاماری دەدا چاڵی رەش
خونچە هەر تاقە پەڕێکی دەرکرد
شەختە هات باڵ و پەڕی پەرپەڕ کرد
تۆ بەهار بووی لە گوڵستانی کورد
خونچە دەکراوە بە ئیحساسی ورد
گێژە لۆوکەی سەرەتای پاییزی
گێژی دای یا لە بەهارەی زیزی
جەرگی دایکت بە خەم و تەم فێرە
دایکی گەڵ ئێستا وەجاخی کوێرە
شاژنی شێعر و وشەی سیحراوی
تۆ نەمردووی دە دڵان دا ماوی
وەرە ژیلا دڵەکەم پڕ خوێنە
چاوی تۆزاوی لە خەو هەڵ بێنە
هەڵدڕە بستە گڵی سەرشانت
گوێ بدە دەرد و خەمی میوانت
لەم وڵاتەی کە ئەدەب بێنازە
چەند سەربەرزە خەڵاتی تازە
گوڵە سوورێکی دە باوەش دایە
هیچ گوڵێ چاوی لەبەر هەڵنایە
وەرە داخم لە دڵە بمدوێنە
یا دەنا گوێم بدەیە و مەمدوێنە
تۆ بە قەد بەندە و چەم و دەریا بووی
ژیکەڵە و ژیر و نەبەز، وریا بووی
شێعرەکانت دووڕ و گەوهەرمانن
نەسرەکان تاجی سەری سەرمانن
هەستی هەستی دە وجووت دا بوو
چێژی مەستی دەغوورت دابوو
پێم بڵێ چەندە پەیامی خنکاو
پێش ئەوەی ببنە شێعر بوونە سەراو
ئەی شەمی شەوگەڕی بێستانی کورد
شەونەمی باخ و گوڵستانی کورد
بۆچی مووی هەست و خەیاڵ دەپسێنێ
چۆنە گوڵدانی تەمەن دەشکێنێ؟
ئەو خەیاڵەی کە بە پارێز مابوو
کەم نەبوو، هاو قەدی ئارێز مابوو
یەک بە ئامێزی ئەوین و هەستی
دڵنیام تاقەگوڵی سەربەستی
وەرە ژیلا دڵەکەم بە خۆێنە
وەرە ژیلا دڵەکەم بدوێنە
تۆ هەزار رەمزی ژیانت پێ بوو
تۆ هەزار مەتڵەبی جوانت پێ بوو
بۆ قەتیس مان دەدڵی تەنگتدا
بۆ ئەسیر مان دەتەلی چەنگت دا؟
خاسە کەو دیلی دەسی داو و قەفەس
تا پشوو مابێ، گەروو هەیبێ نەفەس
تۆ کەوی یاڵ و گەوەی کوێستانی
شێرە ژن شاعیری کوردستانی
کیژی کورد داری هومێد و هیوام
بۆ ئەوەی خاڵی نەبێ جێی هیوام
ڕاکە هەڵماڵە دەس و پەنجەی جوان
سەد هەزار بیری جەرجێڵ بێنە ژوان
نۆرەتە، هەستە قووت و وریا بە
وەکی دەریابە، وەکوو ژیلا بە

**بۆکان**
**٧٥/٧/١١**



# بەرد / چیرۆک

**سولێمان رەحیمزادە**

ئاسمانی ژوورسەرم، هەرجارەو رەنگێگ دێنێ و دەبا . گورانییەکی کۆنم وەبیرهاتۆتەوە و لە ژێر لێوەوە دەیلێمەوە. چاوەکانم دەقووچێنم و هەست رادەگرم .[بێ دەنگی] تەنیا چەند ساتێکی کورت دەخایەنێ و کاتێ چاو دەکەمەوە هەزاران پەیکەرەی سەهۆل و خوێ لەبەر چاوم تێکەڵ تەمومژێکی خەست دادەڕووخێن . لە ترسان دیسان چاوەکانم دەقووچێنمەوە . لەپڕدا وەبیرم دێتەوە. دەست دەبەم و خەنجەرەکەی ناو گیرفانم، سەوداسەرانە لە ناو مشت دەگرم. هەموو گیانم کەوتۆتە سەر ئاو، پێم وایە دڵی خەنجەرەکەش کوتەکوتیەتی، جاربەجار زیاتر لێ دەدا . هەر جار تەکانێک دەخوا و دەمەنووکێک دەسرەوێنێتە رانم. ئۆخژنێک گشت دەمارەکانی لەشم دەگەڕێ و دواجار تێکەڵی بیناییم دەبێ. دەیبینم: تاتەبردێکی ناو دەریا شەوانە سەر لە ئاوەکان دێنێتە دەرێ. لە هەموو کاتی شەودا شەپۆلەکان سنگی دەسوێن. دەیبینم: کراسێکی سپی لەبەر کردووە، وەک هەموو جارەکانی تر ...[ دەیهەوێ ...] - دەتهەوێ ... - ویستن گوناحە؟ - ...بمکوژی ؟ - نە [قاقایەک ] بە گیانی خۆشەوی... -[ بێ گیانی] گوێم لە دەنگی نابێ، باڵای تاتەبەرد لە ژێر تریفەی زێڕینی هەیفدا وەک ئەڵماس دەدرەوشێتەوە. بۆ دەڵێی کراسەکە بە لەشییە وە نووساوە . تەنانەت هەست دەکەم زۆر جێگای کراسەکە تێکەڵ گۆشت بووە. توێژێک زوقم لەسەر ئازای ئەندامی نیشتووە. بەقێزەوە شەپ لە خیزەکانی بەردەمم هەڵدەدەم. قاشوولکەیەک وەدیاردەکەوێ. بە نووکەشەق تا لێواری ئاوەکەی دەبەم. [ پانتایی بێ شەرمی دەریا، تاتەبەردەکە وەک پەیکەرەیەک لە خوێ راکشاوە ] هەڵبەزدابەزی خەنجەرەکەی ناو گیرفانم دام دەچلکێنێ . چاوی بۆ دەگێڕم. هەروا سەرسام لە جێگای خۆی وەستاوە. دەڵێم شەیتان بە نەحلەت کەم و ئەم خەنجەرە تا ئەتوانم فرێ دەمە ناو دەریاوە، کەچی دڵ و دەستم سرە . - [ئەی ئەم شەیتانە ؟ ] دێت و بەرامبەرم رادەوەستێ. لەو کاتەدا لە خەنجەرێکی دەبان دەچێ بیهەوێ سنگی ئاسمان کون کا. شەپۆلە تورە و تۆسنەکان تا لای قاچەکانی ئێمە دێن و کەفوکوڵەکان لەسەر کەوشەکانمان جێ دەهێڵن. دەنگێکی گڕ گەرووم دەڕووشێنێ: - ناحەقم مەگرە! هەوڵ دەدا تووڕەیەکەی بشارێتەوە: - تۆ حەق؟! بە خێرایی تفەکەی ناو زارم قووت دەدەم. [خوێنم ...] - خوێنم پیس مەکە! هەست دەکەم ناتوانێ لە جێی خۆی بجووڵێ. چاوەکانی لە ئاسمانەوە دەگوێزێتەوە سەر من. [ بێدەنگییەکی قووڵ ] بێرەحمانە دەمبینێ: کەف لمەکانی داپۆشییە وە . هەست دەکەم ئەو قەت لە جێی خۆی نەجوولاوەتەوە. کراسە سپییەکەی لەبەردا نەماوە. [ لەشی؟] - لەشم؟ پێت وانەبوو ئاوا بگۆڕدرێ؟ سەری بە ئاستەم هەڵدێنێ و بە پۆزەوە: - ئەگەر بتهەوێ دەکرێ! هەوڵ دەدەم تفێکی تاڵ قووت دەم. کوتم: ئەی دڵت؟ [سەری دەکەوێتە خوارێ. تف دەکەمە عەرزی. سەری خلۆر دەبێتەوە. تفەکەم رەشە. سەری خول دەخوا. تۆپەڵەیەکی رەش] چاو دەبڕمە تۆقلەکان. قاشوولکە بێ ناز کەوتووە. لە یەک دوور دەکەوینەوە. پێم وابێ وا باشترە. لە دوورەوە تەماشام دەکا. رەنگی چاوەکانی نابینم. گلێنەکانی خاڵین. بەڵام لێی ناترسم. [بەگیانی خۆشە...] - سوێندی بەدرۆ مەخۆ! - یانی بڕوام پێ ناکەی ؟ [ قورگی وەک تورمپای خراپ خڕە خڕی دێ] - تۆ چی.... کوا بڕواکانت؟! - من خۆم باش دەناسم [خڕەخڕی ...] چاوەکانی بە تەواوەتی لە هەرچی رەنگە بێبەشن. فرمێسک لە ناو سپێنەی چاوەکانیدا زنە دەکا. - تۆ چیت لە من دەوێ؟ دیسان بۆتەوە کچە سپی و سۆڵەکەی جیهانی منداڵی. بە هەموو هێزم چاوەکانم دەقووچێنم: ئاخ تاقەبەردەکە! چەندەم پێ خۆشە لەسەرت دانیشم و لاقەکانمت بەسەردا شۆڕ کەمەوە. دەست بەسەر لەشە داغەکتدا بێنم. شەونمەکانی سەری تنۆک تنۆک بخۆمەوە. بیهێنمە و ە ، بیخۆمەوە، بیهێنمەوە. چاوەکانم دەکەمەوە. یەک بە خۆی دەقیژێنێ: - گلێنەکانت ... تەمەشام دەکا و دەلەرزێ. خەنجەرەکە لە ناو مستمدا دەگوشم. - من هیچم لە تۆ نەدەویست. تەنیا ئەوە نەبێ ... قسەکەم بۆ تەواو نابێ و تف لە زارمدا وشک دەبێ. دیسان بە دەنگێکی نووساوەوە دەڵێم: - نەدەبوو لەشت ... پاڕانەوە لە ناو چاوەکانیدا شەپۆل دەدا. - دەزانم ، بەڵام هەر لە جێی خۆیەتی. وەک خۆی ماوە. دڵنیا بە! دەیبینم و دەترسم: دوو قاش بووە. گشت گیانی، چاوەکانی نەبێ، کە چوونەتە ناو قاشوولکەوە. بە نووکەشەق تا لێواری ئاوەکەی دەبەم و دەیخەمە دەریاوە. قاشوولکە نووقم دەبێ و چاوەکان دەکەونە سەر ئاو ... کراسێکی سپی لەسەر لمەکان کەوتووە. با دەیهێنێ و دەی با، کایەی پێدەکا. دەستەکانی توند بە سنگییەوە گرتووە. دەڵێی دڵی دەیهەوێ باڵ بگرێ و ئەو نایهێڵێ. - چۆن دەتوانی کاری وا بکەی؟ [رەنگە ئێستا چاوم وەک گۆمی خوێنی لێهاتبێ] - مەردی خوابە، وامەکە! [عەیب و عارە ؟ هەهە، هەهە] — خوا تۆڵە دەستێنێ. [ خوا ... هەهە ... خڕە خڕ ....] - نا ... نا... نا بێدەنگییەکی سەرسوڕهێنەر هەموو وڵات دادەگرێ. [ من زاڵم نیم. پێش ئەوەی بیکوژم، مۆڵەتم دا هەموو قسەکانی بکا] دەڵێم: دەمهەوێ خەڵک ئافرەتێکی شەقکراو ببینن. دەڵێم: ناحەقم مەگرە! دەڵێم: نابیستم. دەڵێم: من بۆ خۆشم هەمیشە هەر شەقار شەقار بووم. دەڵێم: دەزوولە زەردوسوورەکانی ناو مێشکم پرتەپرتیانە. دەڵێم: ناهێڵم سەر بنێی بە سنگمەوە ... دەڵێم: قاشوولکەم خۆش ناوێ. [دەڵێ: دەموچاوت قووپاوە] کوتم: بۆن بەرامەی دەریا تاتەبەردەکە گەمارۆ دەدا. دەنووسم: کچە سپی و سۆڵەکەی سەر لمەکان، شەلاڵی خوێنێکی گەش بووە و کەفوکوڵی دەریا بەردەوام دای دەپۆشێ .




بێ دوان...

# ئاسایی سڕینەوە لە شێعری هاوچەرخی کوردیدا

سمایل عەزەمی

پێشەکی:

یەکەم؛من بەردەوام خەریکی خوێندنی شێعرم و زۆرجار لە وتوێژی ئاساییشدا بە دوای شێعردا ئەگەڕم. بۆ من دنیا بە هەموو ئەو شتانەیەوە کە هەستیان پێناکەم و هەستیان پێ ئەکەم زۆرتر لە ڕێگای هونەرەوە، بەتایبەت لە ڕێگای شێعرەوە هەستی پێ ئەکرێت وئەبن بە مەعرەفەی من بەرانبەر بە ژیان. ئەگەر کەسی وەکوو من لە شێعر بدوێ هەرچەن بیەوێ علمیانە و زانستیانە بۆ مەسەلەکە بڕوانێ بەڵام خۆشەویستی شێعر و هێزی وشەکان وای لێ ئەکەن کە بیروڕا و بۆچوونی تاکەکەسی کەسیەتی — شاعر- بکەوێتە بەر روانینە علمیەکەوە. هەربۆیە لە سەرەتای باسەکەدا پێویستم زانی ئاماژەی پێ بکەم و بۆ کەم و کۆڕیەکان داوای لێ بووردنتان لێ بکەم.

دووەم؛ئەم وتارە بۆچوونی تاکەکەسی منە وەک سمایل عەزەمی و بیروڕا و خوێندن وئەزموونی منە لەسەر یەکێک لە چەمکە ئیمڕۆییەکانی ئەدەبی کە لە شێعری کوردیشدا وشیارانە یان ناوشیارانە بەکارهێنراوە. هەندێ جاریش ئەگەر شێعری شاعرێ یان وتە و بۆچوونی نووسەر یان ڕەخنەگرێک ئەهێنمەوە ئەگەر ئەگەر دەقەکەم بە تەواوی ڕاست نەکردەوە یان سەرچاوەکەم بەباشی نەناسیەوە ، زیاتر لەبەر ئەوەیە کە زۆربەیانم پێشتر خوێندوە و ئەوەیم لەبیرماوە نووسیومە.

سێهەم؛بەکارهێنانی ئاسایی سڕینەوە بە جێگەی defamiliarization یان آشنایی زدایی کە لە ئەدەبی فارسی بەکار هاتووە ، تەنیا لەبەر نەبوونی وشەی بەرانبەر بووە لە زمانی کوردیدا و ئەگەر ڕێک ئەو مانایە ناگرێتەوە لە زمانناسان و ڕەخنەگران داوای لێبوردن ئەکەم

ئاسایی سڕینەوە چیە؟

دنیای ئێمە پڕە لە ئاسایی بوونەوە و عادەت کردن بە بیستن ،دیتن، خواردن ، دیمانە ، کڕین و ... و زۆرجار شتەکان هێندە لامان ئاسایی ئەبنەوە کە هەستیان پێ ناکەین تا ئەوکاتەی کە جارێکیتر و بە شێوازێکی زۆر پێچەوانەی جاران خۆیان بۆ ئێمە دەرئەخەن . ئەوکاتە ، وەک لە خەونێکی قورس ڕاچڵەکابێتین هەست بە تازەبوونەوە ئەکەین لە شتەکاندا وەک بڵێی یەکەمجارە ڕووبەڕوویان ئەبینەوە. وەکوو ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ کەسایەتییەکی نوێ، سروشتێکی چاوەڕوان نەکراو لە پڕ لە بەرانبەر خۆماندا ئەبینین. ئەوەیە کە هونەر بە هەموو شێوەکانی کاتێ سەرکەوتوو ئەبێ کە هەستی تازەبوونەوە لە ئاکار و ئاسەوارەکانیدا بەدیبهێنێ تا ئافراندن ڕوودات.

یەکێک لەو چەمک یان سەناعەتە ئەدەبیانەی کە ڕێگای بۆ ئافراندن لە هونەر بەتایبەت شێعر و چیرۆک کردۆتەوە ئاسایی سڕینەوەیە.

سڕینەوەی باری ئاسایی وشە((ئاسایی سڕینەوە)) وەکوو تیئۆری بۆ یەکەمجار لە لایەن شاعرانی نوێخوازی ڕووسییەوە- کە دواتر لەبەر هێنانە ئارای هێندێ فۆرمی نوێ لە نووسیندا بە فۆرمالیست ناسران- بەکارهات. شکلۆفسکی وەک ئاڵاهەڵگری ئەم فۆرم نوێیە بوو ، بە ڕای ئەو ؛ هونەر بە گشتی و شێعر و چیرۆک بەتایبەت کارئەکەنە سەر باری ئاسایی وشە و ئەیگۆڕن و جارێکیتر بەشێوەیەکی نوێ ئەینووسنەوە یان ئەیخوڵقێننەوە. شکلۆفسکی ئەڵێ: ((کە شتەکان ئاسایی بوونەوە لەبیر ئەچنەوە، ئاسایی بوونەوە خۆشەویستی، سرووشت ،جل وبەرگ، وڵات، دایک ، هاوسەر، هاوڕێ و...هەڵئەلووشێ و وامان لێ ئەکات کەمتر بیریان لێ بکەینەوە. هونەر بۆیە دێتە ئاراوە تا دەستی مرۆڤ بگرێ و هەست بە ژیانی پێ ببەخشێتەوە. هونەر لەسەر ئەو کۆڵەکەیە ڕاوەستاوە کە شتەکان بەوجورە بە مرۆڤ نیشان بدات کە هەستی تازەی پێ ببەخشێ نەوەک بەو جۆرەی کە هەیە و ناسراوە.))١

بە ڕای شکلۆفسکی؛ هونەر یانێ نائاسایی کردنەوەی شتەکان بۆ ئەوەی فام و تێگەیشتنمان زیاتر بکات، هونەر دۆزینەوە و دەرخستنی باری هونەری و ئەدەبی دەقە. بە ڕای فۆرماڵیستەکان؛ ((هونەر بەشێک لە بینای کۆمەڵایەتی پێک دێنێت و پێوەندییەکی دیالێکتیکی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگا ساز دەکات وئاڵوگۆڕی هاوئاهەنگی بەسەردا دێ، بەڵام کارکردە جوانناسییە خۆکردەکانی دەپارێزێ و سوورە لە سەر ئێوەت کردنیان.)) ٢

))مەبەستی سەرەکی کاری ئەدەبی ئەوەیە کە بە کەڵک وەرگرتن لە جوان ناسی و بەکارهێنانی سەناعەتە ئەدەبییەکان و گۆڕانی هێما و وێناکان، شتەکان بە جۆرێک بخاتە بەرچاو کە خوێنەر وا هەست بکات بۆ یەکەم جارە ڕووبەڕوویان ئەبیتەوە. ئەمە هۆکارێکە بۆ ئەوەی زیاتر بتوانێت خوێنەر لە بازنەی دەقی ئەدەبی دا بهێڵێتەوە و سرنجی بۆ لای ناوەڕۆک رابکێشێ.))٣

ئاسایی سڕینەوە لە ئەدەبی کوردیدا؛

شکلۆفسکی باوەڕی وایە کە شێعر ئەتوانێ بە یارمەتی وێنە ، چەمک یان بیرێکی ئاسایی لە دەقێکی نائاساییدا باس ئەکات کە ڕەنگە هەست پێ کردنی لە خودی ماناکە سەختتربێ. وتەیەکی باومان هەیە کە ئەڵێ((دڵ ئاوێنەی دڵە)) ، ئەم وتەیە یەکەمجار لە زاری هەرکەسێکەوە هاتەدەر ئەو کەسە بێگومان شتێکی تازە و نائاسایی وتووە، ئەم وتەیە ئەمڕۆ شتێکی باو و تا ڕادەیەکی زۆر کلیشەییە. بەڵام کەسێک ئەم وتەیە بە شێوەیەکیتر ئەخاتە بەرچاومان و یەکەمجار کە ئەیبیسین واهەست ئەکەین یەکەمجارە ئەیبیسین و بۆ فامکردنی ماوەیەک ڕائەمێنین؛ ((خوابیبرێ، کەی دڵ ئاوێنەی دڵە.)) ٤

هەندێ جار ئاسایی سڕینەوە تێگەیشتنی خوێنەر لە دەقی ئەدەبی بۆ ماوەیەک دوائەخا و هەرچی زیاتر درێژەئەکێشێ حەزی زیاتری لێ ئەبەین؛((تکامە ئارامی دەریاتەوە/ گەردەلوولێ لە ئاو / ئاسمانی هەڵلووشیم.))٥ یان؛((حەقیەتی حەقیقەت /توورەبێ لە شۆڕش/ یەکجاریش نەیچەقاند.))٦

بۆ سڕینەوەی باری ئاسایی وشە زۆرجار پێویست ئەکات مانایەکی دووەمی پێ ببەخشین وەکوو ئەم بەیتەی نالی؛((لە شیرینی ئەتۆ ئەی خوسرەوی تەختی زەمین، ڕەنگە/ بگاتە ئاسمانی بێستوون فەرهادی هاوارم.))٧

هەندێک لە شاعرانی ئێمە وەکوو حاجی قادر و قانع و هێمن و پەشێو و ... زۆرتر ئەنگوستیان لەسەر کۆمەڵگا داناوە و باری ئاسایی ئەو وشانەیان گۆڕیوە کە کارئەکەنە سەر ژیان و باری کۆمەڵایەتی چین و توێژەکان بە گشتی ، هەر بۆ ئەوەیە کە ئێمە ئەوان زیاتر بە شاعرانی خەباتگێڕ ئەناسین، ئەوان بەرلە هەر شتێک بەگژ هەندێ وشە و چەمک و دابی باودا ئەچن کە بۆ هەموو کەسێک شتێکی عادەت پێکراو و ئاساییە، ئەوان لە پاڵ هەرکامە لە ئەو عادەتانە هێندێ پرسیار دائەنێن و هەروا کە ئاماژەیان کردووە؛((گلۆپێکی دەهەزار وڵتی دائەگیرسێنن)). ئەوەیش جۆرێک لە ئاسایی سڕینەوەیە لە دەق.

بەڵام ئەتوانین بە شێوەیەکی گشتی ئاسایی سڕینەوە لە ئەدەبی کوردیدا بۆ چەن دەورە یان سەردەمی جیاواز بگۆزینەوە کە هەرکامەیان بە کارکردی تایبەتەوە بوونەتە هۆی تازەگەری لە ئاسەوارە ئەدەبیەکاندا. بە رای من شێعری کوردی بە چەن سەردەم و شێوازی جیاجیادا تێپەڕیوە بۆ ئاسایی سڕینەوە لە دەق، هەرچەن شاعری کورد لە سەردەمێکیشدا هیچ ئاشنایی و خوێندنەوەیەکی زانستیانە و تیئۆریکی لە ئاسایی سڕینەوە وەک شێوە ڕوانینێ بۆ خولقاندن و بەدیهێنانی دەقی ئەدەبی نەبووە، بەڵام بەردەوام هەستی بەوە کردووە کە بۆ ئافراندن ئەبێ دەس بخاتە باری ئاسایی شتەکانەوە و بە شێوازێکی نائاسایی بە خوێنەرەکەی بناسێنێتەوە تا هەستی پێ بکات وبە گۆشە نیگایەکی تازەوە بیری لێ بکاتەوە؛

یەکەم؛ نووسین بە زمانی کوردی لە سەرەتای چەن سەدە پێش ئێستا بە نیسبەت دەقە عەرەبی و فارسییەکان بە شێوەیەک ئاسایی سڕینەوەبووە لە دەق. دواتر،خەڵکی ، شاعری کورد لە بەرانبەر شاعری عەرەب و فارس و تورک و... دائەنێن و بەم پێیە بۆ دەقی کوردی کەسایەتی و پێگەی جیاواز و سەربەخۆ قایل ئەبن. بەڵام شاعری کورد بەمە ڕازی نییە و تێدەکۆشی بەردەوام لە نێو ئەم زمانەدا داهێنان و ئافراندن بکات، هەروا کە دەقی زمانانی دراوسێ ئەخوێنێتەوە ئەو کەشفە زمانییانە بۆ دەوڵەمەندکردنی زمان و وەخۆ گرتنی خوێنەر ئەقۆزێتەوە. ئاماژە ئەتوانێ زۆربەی دەقە کلاسیکە کوردیەکان بێ.

دووەم؛ ئاسایی سڕینەوە لە فۆرم و بەکارهێنانی خشتی نوێ و خۆماڵی بۆ ئافراندنی دەقی ئەدەبی کە تێکەڵاوی هەندێ چەمک و مانای نوێ وەکوو؛ سیاسەت ، خەبات، نەتەوە ، ماف و... ئەبێ و بە یارمەتی ئەم تێگەیشتنە سەردەمیانە ئەتوانێ لەگەڵ ناوشیاری خوێنەری کورد خۆی ڕێک بخات و جارێکیتر ببێ بە بەربڵاوترین و کاریگەرترین کاراکتەری هونەری و دەقی سەرکەوتوو بخولقێنێ. ئاماژە بۆ ئەم شێوازە کە ڕێگای بۆ نوێگەری زیاتر لە شێعری کوردیدا خۆش کرد؛ ئەتوانێ شێعری زۆربەی شاعرانی وەکوو گۆران و نووری و ... تا دەگاتە سوارە و ... ئێستاش لە زۆربەی دەقە شێعریەکاندا درێژەی هەیە.

سێهەم؛ ڕەوتی ئەدەبی کە بە پۆست مۆدێرنیسم ناوزەد کرا و بە ڕوانینی تایبەت بە خۆیەوە و بە کەڵک وەرگرتن و خوێندنەوە و وەرگێڕانی دەقە ڕۆژئاواییەکان و ئاشنایی لەگەڵ چەمکە سەردەمیانەکان لە ماوەی دە تا پانزە ساڵی ڕابردوو توانی دەقی جیاواز بنووسێ. ئەمە ڕەنگە یەکەم هەوڵی زانستیانە و ئەقڵیانەی تاقمێک شاعربێ —بەلای کەمەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردەواری- کە تێبکۆشن بە یارمەتی بڵاوکراوەکان و دەسەڵات خستنە سەر کۆڕ و کۆبوونەوە ئەدەبیەکان ، بانگەشەی شێوازێک لە نووسین دەربکەن. ئەوەی کە ئەو ڕەوتە ئەدەبییە توانیبێتی سەرکەوتن بەدەست بێنێ و ببێتە پێخۆری خوێنەری ئاسایی ، لە تاقەتی ئەم نووسراوەیە بەدەرە. بەڵام من وەک خوێنەرێک و وەک شاعرێک لە هەندێ لەو دەقانە چێژم وەرگرتووە.

چوارەم؛ کەسایەتی و دەقی سەربەخۆ. ئەدەبی کوردی و بەتایبەت شێعر ، شتێک نییە جگە لە هەوڵ و تێکۆشانی هێندێ کەسایەتی تایبەت کە ڕەوتی ئەدەبەکەیان بەرەو ئاراستەیەکی نوێ بردووەو دەلاقەیەکی تازەیان بە سەر ئەدەبی کوردیدا کردۆتەوە. ئەم کەسایەتیانە ئەگەرچی ڕەنگە وەک دامەزرێنەر و ڕچەشکێن لە یەکێک لەو سێ قۆناغەی پێشوودا کە باسمان لێ کرد کاریگەر و درووشم ڕاگر بوونە بەڵام ئێمە زیاتر ئەوانە وەک بەرزترین لووتکە ئەبینین و کەسایەتی تایبەت و شوێنی دیاریکراو و بەرچاویان بۆ دائەنێین.

پێموایە ئەم وتەیە هی شاعری فارس یەدوڵا ڕۆیایی بێ کە وتوویە؛((لە نێو شتە ئاسایی یەکان، یەکێکیان زۆر ئاسایی تر خۆی ئەنوێنێ ، وردە وردە لە باری ئاسایی دەرئەچێ، ئەوکات زقتر و نامۆتر دێتە بەرچاو . بۆیە ئەتوانین بڵێین لە نێو شتە نامۆکان میراتێک لە ئاسایی بوون ،بوونی هەیە...ئەمە لە جەغزێکدا لە ئاسایی بوون خۆی ئەپارێزێت.))٨

((کاری هونەر و بەتایبەت شێعر، شکاندن و بەزاندنی داهێنەرانەی شتە ئاسایی کانە بەو مەرجەی کە بتوانێت هەستێکی تازە وپڕ هیوای منالانە لە ئێمەدا زیندوو بکاتەوە و بیخاتە سەر دەسکەوتە هەمیشەیی و جێکەوتووەکان. ئەدەب و هونەر پێچەوانەی زانست ، بەرەو ئەو ئاستە ناچن کە ساختێکی مونەزەم و مەفهوومی باوەڕپێکراو بە دونیا ببەخشن، بەڵکوو ئەیانەوێ بە شکاندن و بەزاندن و دەسخستنە ناو وشە و ساختی زمان ، دەلاقەیەک بکەنەوە تا ئێمە بە چاوێک جوانتر و تازەتر و نامۆتر ژیان و مرۆڤ هەست پێبکەینەوە.))٩

سەرچاوەکان؛

١-درآمدی بر فرمالیسم.

٢- درآمدی بر فرمالیسم.٢٥

٣- هێمن و داهێنان- سمایل عەزەمی. گۆڤاری مەهاباد

٤- هیوا قورەیشی- تاڵەسواری تینوو. وبلاگ

٥- ئەحمەد کەریمی-هەناسە. وبلاگ

٦- حەمە ساڵەح سووزەنی

٧- نالی- دیوانی نالی

٨- یدالله رویایی

٩- هێمن و داهێنان- سمایل عەزەمی. گۆڤاری مەهاباد

*ئەم نووسراوە بۆ {کونگرەی شێعری نوێی کوردی لە مەریوان} ئامادەکرابوو.

# پەیامە پێشکەشکراوەکان بە کۆنگرەی پانزدەهەمی حیزبی دێموکرات

## پەیامی پارتی دێموکراتی کوردستان

بۆ بەڕێزان ئەندامانی پانزدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

سڵاوی کوردایەتی

بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەی حیزبی دێموکراتەوە پیرۆزبایی گەرم لە یەکە بە یەکەی ئێوەی بەڕێز دەکەین. چاوەڕوانیمان لێتان برەودانە بە خەباتی گەلی کوردمان لە پێناوی مافە ڕەواکانی لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان، پتەوکردنی یەکڕیزی نیشتمانپەروەران لەم قۆناخەدا کە گۆڕانکاری گشتگیر ڕوویان لە ناوچەکەمان کردووە، خۆتەیارکردن و ئامادەکاری کوردانەی گەرەکە. بێگومان یەکڕیزیی هێزە کوردستانییەکان بەردی بناغەی سەرکەوتن و گەیشتنە بەو ئامانجانەی ئێوە و هەموو نیشتمانپەروەرانی کوردستان کە قوربانی زۆروزەوەندمان لە پێناویاندا داوە. ڕێککەوتنی نێوان حیزبی دێموکرات و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران هەنگاوێکی درووستە لەسەر ڕاستەڕێی گەیشتن بە ڕێککەوتن و خەباتی هاوبەشی بنکە فراوان کە هەموو هێزە سیاسییە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات لەخۆ دەگرێ. ئۆمێدەوارین کۆنگرەکەتان سەرکەوتووانە کۆتایی بە کارەکانی بهێنێ و ئەو ئامانجانە بەدی بهێنێت کە لە پێناویدا بەستراوە.

پێشوەختیش پیرۆزبایی گەرم لەو خوشك و برا بەڕێزانە دەکەین کە بۆ کومیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی هەڵدەبژێرێن و سەرکەوتنیش بۆ ئەو ڕێزدارە دەخوازین کە دەبێتە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

ئیتر بۆ پێشەوە. . .

مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردستان

٢٠١٢ـ٩ـ٦

## پەیامی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

لەگەڵ سڵاوێکی گەرم

بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەی ١٥ەوە گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی هەموو ڕێبەریی حیزبی دێموکرات و گشت ئەندامانی کۆنگرە دەکەین و هیوادارین کۆنگرەیەکی پڕ دەسکەوت و سەرکەوتوویان هەبێ.

هەموومان دەزانین کۆنگرەکەتان لە کاتێکدا بەڕێوە دەچێ کە جیهان بەگشتی و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی بە خێرایی لە حاڵی ئاڵوگۆڕدایە و ئەو ئاڵوگۆڕانە لەسەر وڵاتی ئێرانیش کاریگەری خۆی هەیە. پێویستە هەموو لایەکمان بە وردی بارودۆخەکە هەڵسەنگێنین و لە ڕاستای بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەییمان و هەروەها لەسەر بنەمای گەشەپێدانی دێموکراسی و مافی مرۆڤ لە کۆمەڵگای کوردستان و ئێران، بۆ پەرەپێدانی هەموو بوارەکانی خەباتی سیاسی، مەدەنی و دیپلۆماسی هەوڵی چڕوپڕتر بدەین و هەروەها بۆ دابینکردنی جێگە و پێگەی شیاوی بزووتنەوەی کورد لە خەباتی دێموکراسیخوازی لە ئاستی ئێرانیشدا هەنگاوی پێویست هەڵگرین. ئێمە دڵنیاین حیزبەکەتان و هەموو ئەندامانی کۆنگرە خاوەن ئەزموونی دووروودرێژن و بارودۆخەکە بە باشی لە بەر چاو دەگرن و هەنگاوی شیاو لەم ڕاستایەدا هەڵدەگرن.

بەڕێزان، ئێمە پێوەندی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بە خاڵێکی گرینگ بۆ بەهێزکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد دەزانین و هەر لێرەدا جارێکی دیکە پێداگری لەسەر پتەوکردنی دەکەین و پێشوازی گەرمی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە ڕێککەوتننامەی هاوبەشی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ئەم ڕاستییەی سەلماند.

جارێکی دیکە هیواخوازین کۆنگرەکەتان بە سەرکەوتوویی بەرنامە بۆ داڕێژراوەکانی خۆی بە باشی بە ئەنجام بگەیێنێ. شاد و سەرکەوتوو بن.

کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

٥ی ئاگۆستی ٢٠١٢

## پەیامی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان

بەڕێزان، کومیتەی ئامادەکاری کۆنگرە!

ئەندامانی پانزدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

وێڕای پیرۆزبایی گەرمی بەستنی کۆنگرەکەتان، هیوادارین لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی قۆناخەکەدا، سەرکەوتوو بن.

پەیامهەڵگرانی کۆنگرە!

هەڵبژاردنی زەمان و زەمینەی بەستنی کۆنگرەکەتان، دەکەوێتە قۆناخێکی هەستیاری چارەنووسسازی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەم ڕۆژهەڵاتەی، بە درێژایی سەدەی بیستەم، یان کۆلۆنیالیست و بێگانەکان نەخشەی تێکوپێکدانیان کێشاوە، یان بەپێی بەرژەوەندییەکانیان، پشتیوانیی حکوومەتە داگیرکەر و دیکتاتۆرەکانیان کردووە. ئەمەش سەدەیەکی پڕاوپڕی لە چەوسانەوەی نەتەوایەتی و چینایەتی و سیاسی خایاند.

لە دەهەی دووهەمی هەزارەی سێهەمدا، لە سەردەمی جیهانگیریدا، گەلان خۆیان لە ڕۆژهەڵاتدا ڕاپەڕیون و سەرەتای پڕۆسەی پێکهێنانی سیستەمی سیاسی گەلپەسەند دەستی پێکردووە. کە پێمان وایە ئەم پڕۆسەیە، لە دواسەرەنجامدا، گەلان دەکاتە خاوەن بڕیاری سەربەخۆیی سیاسی ـ دێموکراسی، ئەمەش لە دوائاکامدا، دوای ململانێیەکی دژوار و هەڵبەزودابەزی هێزە دێموکرات و دژەدێموکراتەکان، بەدیهێنانی ئامانجە دێموکراسییەکانی لێدەکەوێتەوە، بە مافی چارەی خۆنووسینی گەلانیشەوە. بە دووریش نازانرێ، لە ناو گۆڕانکاریی ڕووداوەکاندا، تەنانەت بەشێکی نەخشەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتیش، وەکوو ڕۆژئاوای ئورووپا، لە هەژانێکی ئیقلیمگیردا، ئاڵوگۆڕی بەسەردا بهێنرێ.

بەڕێزان!

پڕۆسەی دێموکراسی لە ڕۆژهەڵاتدا، سەرەتاکەی وەڕێ کەوتووە، لێرەدا گرینگ ئەوەیە هێزە ڕزگاری و دێموکراتخوازەکان، سەنگ و سیاسەت و کاریگەریی خۆیان، لەگەڵ ڕەوتی بابەتی گۆڕانکارییەکاندا بگونجێنن.

هەڵبەتە، نەتەوە هەرە زیانلێکەوتووەکەی ئێمەش، لەم ڕۆژهەڵاتەدا، لە ناو ئەم پڕۆسەیەدا، مافی خۆیەتی بگات بە مافی چارەنووسی.

ئۆمێدەوارین، هەلومەرجی ئەوتۆ، لە ژێر کاریگەریی گۆڕانکارییەکاندا بێتە پێشەوە، نەتەوەکەمان، بەبێ دووبارەبوونەوەی تراژیدیاکانی سەدەی بیستەم، لەم سەدەیەدا، وەکوو هەنێك لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئورووپا، بە تەواوی مافی دێموکراسییە دڵخوازەکانی بگات.

ئێوەش . . . دۆستان، دیسان لە کۆنگرەکەدا سەرکەوتوو بن و هەر بژین و سەرفراز بن بۆ ڕزگاری و دێموکراسی.

خۆشیتان

مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان

٢٠١٢ ـ٩ـ٢٢

## پەیامی گاوانگ چۆفەل، سەرۆکی UNPO

بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

بەڕێز جەنابی هیجری!

وەکوو سەرۆکی ڕێکخراوی گەلان و نەتەوە بێنوێنەرەکان، پێم خۆشە لە کاتی کرانەوەی پانزدەهەمین کۆنگرەی ئێوە کە لەم مانگەدا دەگیرێ، گەمترین سڵاو بۆ ئێوە و لە ڕێگای ئێوەوە بۆ ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بنێرم.

لەو کاتەوە کە لە ساڵی ٢٠٠٧دا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو بە ئەندامی ڕێکخراوی UNPO، من لە هەنگاوی حیزبەکەتان بەرەو دۆزینەوەی لایەنی هاوبەش لەگەڵ باقی ئەندامانی ڕێکخراوەکەمان پشتوانیم کرووە. ئەو بیرەی کە لەسەر بنەمای ئەو، حیزبەکەتان بوو بە ئەندامی ڕێکخراوەکەمان، ڕەنگدانەوەی هەمان هزر و سوننەتە کە UNPO لە کاتی دامەزرانییەوە لە ساڵی ١٩٩١دا پێبەندی بووە.

هیوادارم کە باس و بڕیارەکانی کۆنگرەی پانزدەهەمی PDKI دەرفەتێك بۆ UNPO بڕەخسێنێ تا پشتیوانیی خۆمان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خەباتی هەنووکەیی باقی نەتەوەکان بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان لە ئێراندا دەرببڕین.

بۆ کۆبوونەوەکەتان داوای باشترین سەرکەوتن دەکەم

بەڕێزەوە

گاوانگ چۆفەل، سەرۆکی UNPO

## پەیامی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ، پیرۆزبایی گەرمی خۆی بە بۆنەی بەڕێوەچوونی پانزدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە کادری بەڕێزی ڕێبەری و هەموو ئەندامانی حیزب پێشکەش دەکات.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە نێو ئەو ژمارە کەمە حیزب و لایەنە سیاسییانەدا بوو کە هەر لە سەرەتاوە، بە سەرەڕۆیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، وەك ڕێبەرەکەی خومەینی دەیگوت (نە وشەیەك زیاتر و نە وشەیەك کەمتر) «نا»یەکی گەورەی گوت و بە بایکۆتکردن و بەشدارینەکردن لە ڕێفراندۆمدا، لێکدانەوەی دروستی خۆی لە چیەتیی دژەمرۆیی ویلایەتیی فەقیە و ڕێژیمی دواکەوتووی کۆماری ئیسلامیی ئێران خستنە بەردەم دادوەریی نەوەی هەنووکە و داهاتوو و مێژووەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران،

ـ لە لایەکەوە بە قبووڵکردنی مافی مرۆڤ، دێموکراسی بە مانای ئازادیی جیابیرانی و یەکسانی مرۆیی (تاکەکەسی و بەکۆمەڵ) هاووڵاتییانی ئێرانی، و بە قبووڵکردنی سێکۆلاریزم (بە واتای جیایی دامەزراوەی ئایین لە دامەزراوەی حکوومەت و دەوڵەت) و فێدرالیزم کە لە وڵاتێك وەك ئێران لە پێشمەرجەکانی دێموکراسییەکی ڕاستەقینەیە

ـ لە لایەکی دیکەوە بە لەپێشگرتنی شێوازی زانستی و دێموکراتیك (هەڵبژاردنی کادری ڕێبەری) و بەشداریی چالاکانە لە بەرەوپێشبردنی ئامانجەکانی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدرال کە لەگەڵ ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا هاوئاراستەن، مزگێنی داهاتوویەکی هیوابەخش بۆ دامەزراندنی دێموکراسی لە ئێرانی فێدراڵی داهاتوو دەدا کە تەنیا بە دۆستایەتی و هاودڵی لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە کوردەکان و هەموو نەتەوە ئێرانییەکان لەگەڵ یەکتر بەدی دێت.

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ (کە ڕەنگدەرەوەی سیاسیی کۆمەڵگای چەندکولتووری و چەندنەتەوەیی ئێرانە کە کۆی ئەم نەتەوانە، نەتەوەی ئێران پێك دەهێنن) هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی وەکوو یەکێك لە حیزبە کوردستانییەکان کە نوێنەرایەتیی نەتەوەی شەریفی کورد لە ئێران دەکات، بە هاوڕێ و یاوەری خۆی زانیوە.

بە ئاواتی سەرکەوتنی تەواو لە بەڕێوەبردنی کۆنگرەی پانزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا

لەگەڵ باشترین ئاوات و پیرۆزباییەکان

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ

## پەیامی حیزبی سوسیالستی فەڕانسە

بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

دۆستی بەڕێز!

ئاگاداریی پێوەندیدار بە بەڕێوەچوونی کۆنگرەی داهاتووی حیزبەکەتانمان پێ گەیشت. بە ناوی حیزبی سوسیالیستی فەڕانسە و بە ناوی خودی خۆمەوە، بۆ کارەکانی کۆنگرەکەتان ئاواتی سەرکەوتن دەخوازم.

هەر وەك بۆ خۆیشتان دەزانن، سوسیالیستەکانی فەڕانسە، هەمیشە و لە هەر شوێنێکدا لە پەنای گەلی کورد، بەتایبەت کوردەکانی ئێران بوون. زیاد لەمەش، لەگەڵ کوردەکانی ئێران پێوەندییەکی هاوبەشی چەند دە ساڵەمان هەیە.

سەرانسەری ناوچەکە و لەوانەش وڵاتی ئێوە ئێران، لە هەنووکەدا لە بارودۆخێکدایە کە بووەتە هۆی نیگەرانیی هەموو دێموکراتەکان و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ لە سەرانسەری جیهان. لەسەر پشتیوانی و هاوپێوەندیی پتەوی خۆمان لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە لە ئێراندا لە پێناو وەدیهێنانی دێموکراسی و دادپەروەری، بە شێوەی ئاشتیخوازانە خەبات دەکەن، بەتایبەتی نەتەوەی کورد، پێداگری دەکەینەوە.

وێڕای پێشکەشکردنی دۆستییە برایانەکانمان

ژان کریستۆف کامبادلی (Jean-Christophe Cambadelis)

سکرتێری نەتەوەیی: بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان و پێوەندییە ئورووپاییەکان

پاریس ـ ٢٤ی ژووئیەی ٢٠١٢

# پەیامە پیشکەشکراوەکان بە کۆنگرەی پانزدەهەمی حیزبی دێموکرات

## پەیامی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریە

هاوڕێیانی کومیتەی ئامادەکاری کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

سکرتێر، ئەندامانی ڕێبەرایەتی، دەفتەری سیاسی و لایەنگران و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

وێڕای سڵاوێکی گەرم و برایانە!

زۆر خوشحاڵین بە بۆنەی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی پانزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، گەرمترین پیرۆزبایی لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی و ئەندامانی کۆنگرەکە بکەین و ئاواتی سەرکەوتن بۆ کاروباری کۆنگرە و بڕیاردانی سەردەمیانە لە خزمەتی بەرژەوەندیی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات کە جێی ڕێزی حیزبەکەتان بێ، بخوازین. هیوا بەوە زۆرە کە حیزبی پێشەوا، قاسملوو و شەرەفکەندی، حیزبی هەزاران شەهیدی ڕێگەی ئازادی و دێموکراسی لە کوردستان بەم کارە ڕۆڵێکی بەرچاو لە پێناو یەکرێزی کوردان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بگێڕێ و کار بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی بکات و ڕۆڵی کورد لە نێو کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ بەهێز بکات لە پێناو ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆنەپەرستی ئاخوندی ئێران و دامەزراندنی ئێرانێکی دێموکراتیك و فێدراڵ و دابینبوونی مافی گەلی کورد.

پیرۆز بێ کۆنگرەی ١٥هەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

بژی کورد، بژی کوردستان

کومیتەی هەرێمی کوردستانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریە

٢٠١٢.٨.٢٥

## پەیامی دوکتور بێرنارد گرانژۆن و ئێکیپی ڕێکخراوی پزیشکانی جیهانی

دۆستانی بەڕێز!

پانزدەهەمین کۆنگرەی ئێوە، گرینگییەکی تایبەتی هەیە. لە لایەکەوە، لە ڕابروویەکی نەئەوەندە دووردا، خەڵکی وڵاتەکەتان بە وەڕێخستنی ژمارەیەك خۆپیشاندان وەها ڕێژیمی سەرکوتکەری مەلاکانیان بردە ژێر پرسیارەوە کە جیهانیان باوەڕیان کرد کە سەرەنجام، کاتی جێگیربوونی دێموکراسی لەم وڵاتەشدا هاتووە. بێئەملاوئەولایە کە ئەم هیوایە کە جێی سەرنج و تەئیدی زۆرێك لە وڵاتانی دیکەش بووە، بە شێوەی کاتی دابەزیوە. سەرەڕای ئەمەش، بێسەبری گەلەکەتان لە گەیشتن بە ئارمانەکەی هەر ڕۆژ بەپەلەتر دەبێ. لە لایەکی دیکەوە، ڕاپەڕینە سەرهەڵدراوەکان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و مەراکش (باکووری ئافریقا) هیوا و بەهاری لێکەوتووەتەوە. جێگەی هیچ گومانێك نیە کە بای ئەم هیوایە، بادبانەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش دەشەکێنێتەوە کە لەمێژە لە پێناو دابنیبوونی ئازادی و دێموکراسی خەبات دەکات. دوکتور قاسملووی نەمر و هاوڕێیانی شەهیدی، پێش لە هەر کەسێکی دیکە ئەم هیوایان وێنا کردبوو. هیچ گومانێکمان نیە کە جێنشینەکانیان لە ژێر سێبەری یەکگرتوویی، دلێری و هیواداربووندا، نەتەنیا دەتوانن بە ڕێگەکەیان درێژە بدەن، بەڵکوو ئەم خەباتە دێر یان زوو دەگەیەننە ئاکامی دڵخواز.

لە قووڵاییی دڵەوە بۆ کارەکانی کۆنگرەکەتان و هەروەها بۆ هەوڵە هەمەلایەنەکانتان لە پێناو ڕێزدانان بۆ مافی مرۆڤ، ئاواتی سەرکەوتن دەخوازین.

وێڕای سڵاوی گەرمی هەموو ئێکیپی ڕێکخراوی پزیشکانی جیهانی

دوکتور بێرنارد گرانژۆن، سەرۆکی پێشووی ڕێکخراوی پزیشکانی جیهانی و هەموو ئێکیپی ڕێکخراوی پزیشکانی جیهانی

٤ی ژووئیەی ٢٠١٢

## پەیامی بەڕێز زیا سەدری ئەشرافی

بەڕێز کاك مستەفا هیجری، سکرتێری بەڕێز و دۆستانی بەڕێزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

دۆستانی بەڕێز!

بە بۆنەی بەڕێوەچوونی پانزدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بۆ کادری بەڕێزی ڕێبەری و هەموو ئەندامانی حیزب ئاواتی سەرکەوتن دەخوازم.

هەر لە ڕۆژی دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران لە ڕێبەندانی پەنجاوحەوتدا، کە بەرهەمی ئازادیکوژی و دژایەتی لەگەڵ یەکسانی لە لایەن ڕێژیمی پێشووەوە بوو، پاوانخوازیی مەزهەبی (بە سیاسی بوو) واتە خومەینیزم، بە بەمیراتبردنی پاوانخوازیی زمانی و کولتووریی ڕێژیمی پێشوو، لە پێناو دامەزراندنی سیستمی سەدە نێوەڕاستیی ویلایەتیی فەقیە هەوڵی دا.

ئاخوندسالاری، یەکەمین پەرچەکرداری خۆی لە نێو نەتەوە ئازادیخواز و دژەهەڵاواردنەکانی ئێران وەرگرتەوە: لە ڕاپەڕینی کوردستان و تورکەمەن سەحراوە بگرە تا بەلووچستان و قەشقاییەکان و بۆ دژایەتی لەگەڵ نیزامی ویلایەتیی فەقیهیش: ڕاپەڕینی عەرەبە ئێرانییەکان لە ئەهواز بە ڕێبەری ئایەتوڵڵا شەبیر خاقانی و ڕاپەڕینی ئازەربایجان بە ڕێبەریی ئایەتوڵڵا کازمی شەریعەتمەداری.

ئاکامێك کە لەم سەرکوتەی یەك بە یەکی هەموو نەتەوەکانی ئێران، هەر وەك سەرکوتی دوو حکوومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان (بە ڕێبەریی پیشەوەری) و حکوومەتی مەهاباد (بە ڕێبەری قازی موحەممەد) دەتوانین بۆ ئیمڕۆ و دواڕۆژمان پێی بگەین، هاودڵی و یەکیەتی و پەرەپێدانی زیاتری بڕواپێکردن و دۆستایەتی لە نێو هەموو نەتەوە بێبەش و مەحکوومەکان لە لایەك و لەقاودانی ڕەهەند و ئاکامەکانی جینایەتە ئاشکرا و شاراوەکانی ڕێژیم لە ئاستی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی بۆ هەموو مرۆڤە دێموکراتەکان لە لایەکی دیکەوەیە.

وشکاندنی بەئەنقەست و پلانداڕێژراوی گۆلی ورمێ (بە بەستنی چل بەنداو) کە ژیان و سڵامەتیی خەڵکی ئازەربایجان و خەڵکی کوردستان لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا (بە بەبادادرانی هەشت میلیارد تۆن خوێ) لەگەڵ مەترسیگەلی جیددی بەرەوڕوو دەکات، یەکێك لە جینایەتە شاراوەکانی ڕێژیمە.

هیوادارین کە لە کۆنگرەی پانزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، بە دۆستایەتی و هاریکاریی نێوان نەتەوەکان و لەوانە دوو نەتەوەی دراوسێ و دۆست، کورد و تورکی ئازەربایجانی، گرینگی پێویست بدرێ تا بە هاودڵی و هاوکاری، بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی خۆمان پێکەوە بپارێزین و دۆستایەتی و متمانەی نێوانمان زیاتر بکەین.

لەگەڵ باشترین ئاواتەکان بۆ هەموو دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ئەندامی ئازەربایجانیی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ

زیا سەدری ئەشرافی

## پەیامی حیزبی سوسیالستی کوردستان . باکوور

نوێنەرانی هێژا!

دۆستانی تێکۆشەر!

کۆنگرەی پانزدەهەمی حیزبی تێکۆشەری ئێوە لە ڕەوشێکی زۆر هەستیار و ناسکدا بەڕێوە دەچێ. ڕەشەبای گۆڕانکاری و دێموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا هەڵی کردووە، بۆیە مەترسییەك لەسەر سەرووەریی هەرێمە. ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانی ناوچە کەوتوونەتە بەر ئەو ڕەشەبایە و وەکوو گەڵای پاییز کەوتوونەتە لەرزینەوە.

لە سەرانسەری کوردستان، خەباتی نەتەوەکەمان بۆ ئازادی و دێموکراسییە و لە پڕۆسەی گۆڕانکاری و دێموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، ڕۆڵێکی گرینگیان هەیە. تێکۆشانی هێزە وڵاتپارێزەکانی کورد دژی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان کە کۆڵەکەی کۆنەپەرستی ڕۆژهەڵاتی ناڤینن، پڕۆسەی گۆڕانکاری و دێموکراسی لە هەرێم بەهێز دەکەن و بێگومان ئەو پڕۆسەیە کاریگەری خۆی لەسەر بزاڤی ئازادیخوازیی گەلی کورد دادەنێ، بۆ سەرکەوتنی خەباتی ئازادیخوازانەی کوردستان ڕێخۆشکەرە.

دۆستان و برایانی هێژا!

لە ڕوانگەی حیزبەکەمانەوە، ئەرکی سەرەکی ڕێکخراوە وڵاتپارێزەکانی کورد ئەوەیە کە ڕووداوەکانی ناوچە باش هەڵسەنگێنن و بۆ بەهێزکردن و بەرەوپێشبردنی خەباتی ئازادیخوازی و دێموکراسیخوازی، پێشوازی لە گۆڕانکارییەکان بکەن، بەرنامەی خۆیان سەرلەنوێ دابڕێژنەوە و شێوەی خەباتی سەردەمیانە بەکار بێنن.

ئێمە بە خۆشییەوە دەبینین کە حیزبی دۆست و برا، واتە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خۆی لەگەڵ بارودۆخی سەردەم ڕێك دەخات، بۆ هاوخەباتی هێزەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی هەنگاوی هەڵگرتووە و خۆی بۆ خەباتی داهاتوو ئامادە دەکات، کە ئەوانەش دەبنە هۆی دڵخۆشی ئێمە.

ئێمە دڵنیاین کە کۆنگرەی ١٥ی ئێوە دەبێتە سەنگەرێکی قایم بۆ بەرەوپێشبردنی خەبات و بەردەوامی ڕێگەی شەهیدانی گەل و وڵات، پێشەوا، قاسملوو و شەرەفکەندی.

بە دڵ و گیان ئاواتی سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازین.

بژی خەباتی ئازادیخوازی و دێموکراسیخوازیی گەلی کورد

بژی دۆستایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی سوسیالیستی کوردستان

سەرکەوێ پانزدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کومیتەی ناوەندیی حیزبی سوسیالیستی کوردستان

٢٩ی سێپتامبری ٢٠١٢

## پەیامی دوکتور پەری قەرەداخی، سەرۆکی ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤی کوردی

کاك مستەفا هیجری خۆشەویست!

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە

من ئەم نامەی پشتگیرییە لە هاوپێوەندی لەگەڵ خەباتی خەڵکی کوردستانی ئێران دەنووسم. من بە تەواوی پشتیوانی ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانم کە لە پێناو پاراستنی سەربەخۆیی ئێران و دامەزراندنی حکوومەتێکی دێموکراتیك لە ئێران بەمەبەستی دەستەبەرکردنی مافەکانی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خۆی خەبات دەکات. بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی کورد لە کۆماری فێدراڵی دێموکراتیکی ئێران، ئیستراتیژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەموو شێوەکانی تیرۆریزم ڕەد دەکاتەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باوەڕی بە جیایی دین و دەوڵەت لە یەکترە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لایەنگری سەرجەم مافە مرۆییە نێونەتەوەییەکان و یاسا مرۆییەکانە، لەوانە ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ کە خۆی تەنیا بەوەش نەبەستووەتەوە.

من وەك هەمیشە بە ئامانجە بەرچاوەکانتان دڵخۆشم و دامەزراوەکەی ئێمە ئامادەی پشتیوانیکردن لە ئامانجەکانی خەڵکی کوردستانە بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خۆی لە ئێرانێکی فێدراڵ و دێموکراتیکدا.

من بە چاوێکی ئەرێنییەوە سەیری ئاکامەکانی لقەکانی کۆنگرە سەرنجڕاکێشەکەتان دەکەم کە بۆ بە پەسندگەیاند و دارشتنی سیاسەتی نوێ کۆ دەبێتەوە و ڕێبەریی حیزب هەڵدەبژێرێ. لە ماوەی چەند مانگی دیکەدا، حیزبەکەتان لە پێناو گرتنی کۆنگرەی پانزدەهەمیدا کۆ دەبێتەوە.

ئێمە بە توندی پشتیوانی لە یەکگرتوویی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەین و هانی ئاشتی دەدەین، چوونکە تەنیا لە یەکگرتووییدایە دەکرێ کوردەکان بە ئامانجە نەتەوەیی و ستراتیژیکییەکانیان بگەن.

ئێمە پیرۆزبایی و پشتیوانیی خۆمان بۆ سەرکەوتن لە پانزدەهەمین کۆنگرەکەتاندا ئاراستەی ئێوە بەتایبەتی و ئەندامان و نوێنەرەکان دەکەین و بەردەوامی لە سەرکەوتن لە پێناو یەکگرتوویی بۆ ڕەواییمان و خەباتی پتەو لە ڕێگای ئازادی، دێموکراسی و مافەکانی مرۆڤ بۆ ئێوە بە ئاوات دەخوازین.

بژی کورد و کوردستان!

لەگەڵ سڵاوی گەرم، دوکتور پەری قەرەداخی

سکرتێر

## جووت حەوت

### هەوراز

ـ ئایەتوڵڵا یووسف تەباتەبایی، ئیمام جومعەی ئیسفەهان لەمەڕ گرانبوونی دۆلار و پاساوەکانی ئەحمەدینژاد گوتوویە: «سەرکۆمار، خەڵك بە هالوو (گێل و گەمژە) دەزانێت». شایانی باسە، ئەحمەدینژاد گوتبووی «دەستێوەردان لە کاروباری بازاڕدا کاری شەیتانە». هەروەها ئەحمەد خاتەمی، ئیمام جومعەی تارانیش دەڵێ: «دابەزینی نرخی تمەن لە بەرانبەر دۆلاری ئەمریکادا دەبێتە هۆی شپرزەیی و مایەپووچبوونی ئابووریی ئەمریکا!!!!!!

لە خۆڕا نیە کە هیلاری کلینتۆن، ناسراو بە «مادر عروس» واتە دایکی بووکیش هاواری لێ بەرز بۆتەوە و تاوانەکەی خستۆتە ئەستۆی ئەحمەدینژاد (واتە باوکی عەرووس). هەرچی کە بێت ئەم بووکە هەزار زاوایە، واتە ئابووریی ئێران سەری لە خۆی و ماڵی خەزروور و زاوا و برازاواکانیش شێواندووە. بە جۆرێك کە هیچ شوێنێکی پێوەندی بە شوێنەکانی دیکەیەوە نیە و بۆ نموونە ڕوون نیە کە دابەزینی نرخی تمەن چۆن دەبێتە هۆی کاولبوونی ماڵی ئەمریکا؟ یان شەیتان بە چ شێوەیەك میکانیزمی بازاڕ دەستکاری دەکات؟ یان ١٥لە ١٠٠٠٠٠٠ چۆن دەبێتە سەد میلیۆن؟ کەس بە کەس نیە. شەپۆلانی بەحری قەزا و قەدەر کەنار نەماوە خۆی لێ هەڵنەسوێ. خەریکە بەو تیئۆرییە بە ناوبانگە دەگەم کە «ئابووری هی کەرە».

ـ حەسەن عەباسی، کیسینجری ئیسلام!! گوتوویە: «ئێستا لە بۆچوونی دێموکراسیی ڕۆژئاواییدا ویلایەتی فەقیە قبووڵ کراوە. پێنتاگۆن لە وتەکانی ١٢ ساڵ پێشی خامنەیی بۆ دارشتنی بەرنامە و پێڕەوی شەڕەکانی داهاتووی کەڵکی وەرگرتووە».

پێم وابێ مەبەستی لە ڕۆژئاوا هەمان ڕۆژئاوای عێراق (واتە سووریە) بێت. چوونکە ویلایەتی فەقیە سەرچاوە و ڕێنوێنی سیاسیی دێموکراسیی ئەو ڕۆژئاوا ناموبارەکەیە. سەبارەت بە پێنتاگۆنیش دەبێ بڵێین: «ئەگەر وابێ، مشتێ قوڕی سوور بگرنەوە و لە دەمی ڕێبەرەکەتان بدەن با چیدیکە نەبێتە بەرنامەڕێژ و سیخوڕی شەڕڤانانی ئەمریکایی. وەڵڵا بە خودای!! تا زار دەکاتەوە، چەکوچۆڵ و تەقەمەنییە کە لە لێوی مبارەکی سەرڕێژ ئەکات و دەڕژێتە نێو تەلیسی ئاڵفەکە.

ـ حائری شیرازی، نوێنەری مەجلیسی خوبرەگان گوتوویە: «قبووڵی بڕیارنامەی ٥٩٨ تەنیا بە هۆی گوشارە دەرەکییەکان نەبوو بەڵکوو خێرێکی تێدا بوو کە ئیمامی ناچار کرد ژەهرەکە بخواتەوە».

خێرەکە لەوەدایە کە کەوتوونەتە کوردەناموسی و بۆیان کۆ نابێتەوە. دەیانهەوێ ئیمامێك بدۆزنەوە کە ئەم ژەهرە دەرخواردی بدەن. مەلا خامنەیی نە ژەهرەکە دەخوا و نە بۆ خۆی دەمرێ. ئەرێ بڵێی عیزرائیل بیناسێ؟ نەوەڵڵا ئەویش لەوەتی جەننەتی هەیە، دەڵێی تەقاعودی کردووە.

# ئێران لە سووریە چ دەکات؟

■ موعتەسەم نوورانی



«بوونی سوپای قودس لە سوریا بەڵگەی حاشاهەڵنەگری پشتیوانیکردنی ئێرانە لە ڕێژیمی بەشار ئەسەد»

هەتا ئەم دوایـیـانـەش، دەستێوەردانی سەربازیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سووریادا لە ژێر پەردەی گوماندا شاردرابۆوە. زۆر کەس بۆی پرسیار بوو ئەرێ تۆ بڵێی کۆماری ئیسلامی لە کاروباری سووریادا دەخاڵەتی نیزامی بکات؟

کاتێك کە هاوینی ڕابردوو تەلەفیزیۆنی ئەلعەرەبیە فیلمێکی ئەو ٤٨ کەسە ئێرانییە کە لە نزیك شاری دیمەشق بە هۆی سوپای ئازادی سووریا بەدیل گیران نیشان دا و وتەبێژی سوپای ئازاد وتی هەموو ئەوانە ئەندامی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانن، ئەوانە هێندێك خەریتە و بەڵگەی سوپای پاسدارانیان لێ گیراوە و تەنانەت ئەوەشی وت کە ئەوانە زیاتر لە ١٥٠ کەس بوون بۆ کۆکردنەوەی زانیاری هاتوون و یارمەتی ڕێژیمی بەشار ئەسەد دەکەن، بەڵام کاربەدەستانی ئێران نکۆڵییان لەوە کرد و دەڵێن ئەوانە زیارەتکەرانی ئێرانین بۆ زیارەت هاتوون و پاڵپشتی ئێران بۆ سووریا تەنیا لە چوارچێوەی پشتیوانیی ئەخلاقی و ماڵیدا سنووردار کراوە.

بە هەر حاڵ لە چەند مانگی ڕابردوودا، ئاڵوگۆڕی بەرچاو لە قسە و هەڵسوکەوتی کاربەدەستانی ئێراندا وەبەرچاو دەکەوێ کە ئامادەبوونی هێزی نیزامی ئێران لە سووریا نیشان دەدات. بە تازەیی، ڕۆژی ١٦ی سپتامبری ٢٠١٢، «محەممەد عەلی جەعفەری»، فەرماندەی سوپای پاسداران وتی کە سوپای قودس کە باسکی سوپای پاسدارانە بۆ چالاکییە سەربازییەکان لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران، ئێستا لە سووریایە. هەروەها وتی «ئەوە بەو مانایە نیە کە ئێران لە سووریا دەستێوەردانی سەربازی بکات». ئەو هێزە تەنیا بە مەبەستی ڕاوێژکاری و یارمەتیی ئابووریی ئەو وڵاتە لەوێیە. هەر چەند ڕۆژ دواتر، ڕامین «مێهمانپەرەست»، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران وتی «قسەکانی جەعفەری بە هیچ جۆر بە مانای ئامادەبوونی نیزامی ئێران لە ناوچە و لە سووریادا نیە»، لە نێو قسەکانی کاربەدەستانی ئێران جیاوازیی بەرچاو هەیە. ئەوان سیاسەتی «لە ناڵیش دەدەن و لە بزماریش» یان گرتۆتە پێش، ئەوەش بە قەولی خۆیان پێیان وایە زیرەکی دەکەن، بەڵام دەعبای زیرەك بە دندۆك پێوە دەبێ. هەر دوای ئەو، ئیسماییل قائانی، جێگری فەرماندەی سوپای قودس لە وتووێژ لەگەڵ کاناڵی هەواڵی ئیسنا کە بەشێك لە وتووێژەکەی گۆڕیوە، دەڵێت: «تا ئەوکات ئێمە لە سووریا نەبووین، کوشتاری خەڵك بە هۆی ئۆپۆزیسیۆن یەکجار زۆر بوو، بەڵام بە ئامادەبوونی کۆماری ئیسلامی بە شێوەی فیزیکی و غەیرەفیزیکی لە سووریا پێشمان بەو کوشتارانە گرتووە».

بە گوێرەی هەواڵنێری ڕۆیتێرز کە ڕۆژی پێنجشەممە،٢٠ی سپتامبر نووسی، کۆپییەك لە ڕاپۆرتی نهێنی یەکێك لە ڕێکخراوەکانی ئیتلاعاتی ڕۆژئاوایی وەگیر کەوتووە کە باسی ڕادەی یارمەتیی نیزامی و چەکوچۆڵ لە تاران بۆ دیمەشق دەکات. ڕۆیتێرز بە نەقل لەو دیکۆمێنتە نهێنییە دەنووسێ کە ئێران لە ڕێگای عێراق و بە هۆی فڕۆکەکانی موسافیرهەڵگر ڕۆژانە دەیان تۆن چەکوچۆڵ و کەرەستەی سەبازی و «ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی سوپای پاسداران» ڕەوانەی سووریا دەکات.

بە گوێرەی هەواڵەکان، ئێران بۆ هەناردەی چەکوچۆڵ و کەرەستەی سەربازی لە ئێران ڕا بۆ سووریا بە مەبەستی تەیارکردنی سوپای سووریە و هێزەکانی لایەنگری بەشار ئەسەدەوە بۆ پشتیوانیی ئەوان لە سەرکوتی هێزەکانی تەیاری حکوومەتی سووریا تەنانەت لە ڕێگاکانی زەوینیی عێراق بۆ ئەو مەبەستە کەڵك وەردەگرێ.

لە لایەکی دیکەش ڕەنگە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران ئەو حەرەکەتەی سوپای پاسدارانی زۆر پێ خۆش نەبێ کە ئێران لە سووریادا دەستێوەردانی سەربازی دەکات و لەوە نیگەرانە کە مەبادا ئەو کردەوەی سوپای قودس ئاکام و کاردانەوەی خراپی بێ بۆ ئێران، بەڵام سوپای پاسداران بۆ خۆی بڕیاری خۆی دەدا و لە چوارچێوەی سیاسەتی وەزارەتی دەرەوەدا ناڕواتە پێش. ئەوە تەواو دوو سیاسەتی جیاواز نیشان دەدا لە لایەك سوپا دەستێوەردانی سەربازی دەکا و لە لایەکی دیکەش وەزارەتی دەرەوەی ئێران بە شێوەیەکی سیستماتیك دەیهەوێ ناوبژیوانی لە نێوان حکوومەتی سووریا و ئۆپۆزیسیۆنی سووریا بکات.

بە گوێرەی هەواڵی واڵستریت جورناڵ، لەو چەند ڕۆژەدا سەرتیپ حوسێن هەمەدانی کە ژنراڵێکی کۆنەکارە ناردوویانە بۆ چاودێری چالاکییەکانی سوپای قودس لە سووریا. بۆیە حوسین هەمەدانییان هەڵبژاردووە، ژنراڵێکی بە ئەزموونە، هەم لە شەڕی ئێران و عێراقدا و هەم لە سەرکوتی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە دەیەکانی ١٣٦٠ و ١٣٧٠ لە ئارادا بوو. لە لایەکی دیکە هەمەدانی بەربەرەکانی ئەو «شۆڕشە مەخمەڵییە»ی کرد کە لە دوای هەڵبژاردنەکانی ١٣٨٨ لە تاران و شارەکانی دیکەی ئێران سەری هەڵدا. هەرچەند هەمەدانی ئەزموونی سەرکوتکردنی هەیە بەڵام وەزعی سووریە زۆر لەوە خراپترە کە بە سەرکوت و خوێنڕشتن کۆنترۆڵ بکرێت. چوونکە لەگەڵ ئەوەی ئێران هەموو توانای خۆی بە کار دەبات بۆ ئەوەی ڕێژیمی بەشار ئەسەد نەڕووخێ و بەرەی موقاوەمەت بەهێز بکات، ئۆپۆزیسیۆنی سووریاش ڕۆژبەڕۆژ بەهێزتر دەبێ، ئەوانیش لە ڕێگای تورکیا و عەرەبستانی سعوودی و قەتەر و وڵاتانی دیکەی کەنداو چەك و کەرەستەی مۆدێڕنی شەڕیان بە دەست دەگا. بەو حاڵە نەك ئێران یارمەتیی ئارامبوونەوەی شەڕی نێوخۆی سووریا نادات بەڵکوو ڕۆژبەڕۆژ وەزعی نێوخۆی سووریا خراپتر دەبێت.

لەگەڵ هەموو ئەوانە ئێران وا بە ئاسانی کۆڵ نادات چوونکە ئێران پێی وایە سنوورەکانی زۆر لەوە فراوانترە کە بە چاو دەبیندرێ. ئەوان هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە دەڵێن دەبێ سنوورە جوغرافیاییەکان لا بچن و سنووری ئیدئۆلۆژیکی دابمەزرێ و ئینقلابی ئیسلامی هەناردە دەکەن. بەتایبەت کە سووریا بەشێك لە هیلالی شیعەیە و ئەو هیلالی شیعەی کە دوای داڕمانی ڕێژیمی سەددام درووست بوو کە شیعەکانی عێراق و لوبنان و سووریا لە خۆ دەگرێ، دەبێ بە تەواوی بپارێزرێ. چوونکە لە ڕاستیدا سووریا بۆ ئێران زۆر گرینگە، هەم پردی نێوان حیزبوڵڵای لوبنان و ڕێکخراوە بناژۆکانی دیکە و هەم پردی نێوان ئێران و جیهانی عەرەبییە و هەم دراوسێی ئیسراییلە. لەگەڵ ئەوەش ئێران لەوە نیگەرانە کە ئەو ڕەوتەی کە بە بەهاری عەرەبی ناسراوە لە توونێس و میسر و لیبی و یەمەن سەری هەڵدا و پاشان گەیشتە سووریا، دوای سووریا نۆرە بگاتە ئێران. لە لایەکی دیکەش بە داڕمانی سووریا لە ڕاستیدا باڵێکی ئێران دەشکێ و بە داڕمانی ئەو پردە بەرەی موقاوەمەت تێك دەشکێ و لە هەموو بارێکەوە زەرەری بۆ ئێران هەیە. ئێران زۆر لەو ڕەوتەی سوریا نیگەرانە.

سەرچاوەکان:

www.foreignpolicy.com
www.wsj.com

# ئەحمەدی نژاد ئەم جارە نەیویست بیروڕای گشتی بورووژێنێ!

■ شەهاب خالیدی

مەحموود ئەحمەدی نژاد ڕۆژی ٥ی ڕەزبەر بۆ هەشتەمین جار لە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەشداری کرد. ئەو کە زیاتر لە هەموو سەرکۆمارەکانی پێش خۆی - کە ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشانەی ویست و حەزی زۆری ناوبراو بۆ خۆنواندن لە بەر چاوی بیروڕای گشتییە - لە کۆڕی گشتیی ئەو ڕێکخراوەدا بەشداری کردووە، پەیامێکی لەوێ پێشکەش کرد کە بە قەوڵی خۆی دوای دوانزدە جار پێداچوونەوەی ورد ئامادەی خوێندنەوە کرابوو.

پەیامی ئەمساڵی ناوبراو بە پێچەوانەی ساڵانی پێشوو نەتەنیا هەڵگری کۆمەڵێك پرسی وروژێنەر و کێشەساز نەبوو، بەڵکوو لەوێدا تەنانەت ئاماژەی بە پرسێکی زۆر گرینگی وەك سووریەش نەکردبوو و زۆرتر گرینگی بە مودیرییەتی جیهانی، وانەی ئەخلاق و هاتنەوەی حەزرەتی مێهدی دابوو کە ئەحمەدی نژادوتەنی، ناوبراو تۆڵەی زۆڵملێکراوەکان لە زاڵمان دەستێنێتەوە و دادپەروەری لە دونیادا جێگیر دەکات. ئاخاوتنەکانی ناوبراو کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا تەنیا بۆ مەسرەفی نێوخۆیی و ڕاکێشانی سەرنجی خەڵکی ئێران بۆ لای دوژمنە فەرزییەکانی وەك ئیسرائیل و ئامریکا و... هتد، بۆ داپۆشینی ئاریشە و کێشە لەڕادەبەدەرە نێوخۆییەکانی خۆیان بوون، بەڵام ئەمساڵ بە هۆی ئەوەی کە ئەوان لە ژێر زەخت و گوشارێکی تاقەتپڕۆکێنی دەرەکیدان، سەرکۆماری ڕێژیم ناچار بووە بۆ پێشگرتن بە گەشەسەندنی ئەو زەخت و گوشارانە، وەك ساڵانی ڕابردوو کێشە بۆ خۆی و نیزامەکەی ساز نەکا، بەڵکوو پەیامەکەی پڕ بکات لە باسکردن لە ئەخلاق و جێگیرکردنی دادپەروەری کە لە ڕاستیدا ئەمە لەگەڵ کردەوەی ئەوان ناکۆکی هەیە.

لە ڕاستیدا کەڵکوەرگرتن لە تریبونی کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کە دەبێ بۆ باسکردن لەسەر پرسگەلێکی گرینگی جیهانی و نێونەتەوەیی و هەروەها دیفاع لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی نەتەوەکانی وڵاتێك بێ، بەمەبەستی باسکردن لە پرسگەلێکی ئایینی و باسکردن لە هاتنەوەی حەزرەتی مێهدیش هەر ئەوەندە لە لایەن بیروڕای گشتییەوە گرینگ و جێگای قبووڵە کە هاوڵاتییەکی ئامریکایی لە لای ڕێبەری نیزام واتە عەلی خامنەیی باس لە ئازادی و دێموکراسی بکات.



لە نێو سەرکۆمارەکانی پێشتری ڕێژیمیش هیچ کامیان لەو تریبونە گرینگەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دیفاع لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی نەتەوەکانی ئێران کەڵکیان وەرنەگرتووە و تەنیا بیریان لە چۆنیەتیی پاراستنی دەسەڵاتەکەیان کردووەتەوە. ڕەجایی باسی لە چۆنیەتی هاتنەسەرکاری نیزامەکەی و سەرکەوتنی خەبات بە دژی شای دەکرد، خامنەیی باسی لە هاوکاری و هاودەستیی ئامریکا لەگەڵ حکوومەتی بەعسی عێراق و خاتەمیش باسی لە وتووێژی شارستانییەتەکان دەکرد کە بەم دروشمانە توانی تەمەنی ڕێژیمێك درێژ بکات کە وەها تەنگی بە خەڵکی وڵاتەکەی هەڵچنیوە کە کەس توانای هەڵمژینی هەوای ئازادی نیە.

بە هیوای ئەوەی کە ڕۆژێك خەڵکی وڵاتەکەمان بتوانن نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان بۆ ناوەندێکی وەها گرینگی جیهانی بنێرن کە بتوانێ شایانی نوێنەرایەتیکردنی خەڵکی خاوەن شارستانییەت و پێشکەوتووی وڵاتەکەمان بێ و بتوانێ دیفاع لە بەرژەوەندیی تەواوی گەلانی زوڵملێکراوی وڵاتەکەی بکات.

# ژنانی کورد نابێت بزووتنەوەی ڕەگەزی خۆیان لەبیر بکەن

■ تووبا ئەلیاسی

وەك مێژوو بۆمان دەردەخات ژنانی دونیا و ژنی کوردیش بە درێژایی مێژوو لە ژێر توندوتیژیی ڕەگەزیدا ژیانیان بەسەر بردووە. ئەمە بێجگە لە سەردەمی کۆمەڵی سەرەتایی نەبێت، ئەو سەردەمەی کە ناسراوە بە کۆمەڵی دایکسالاری. لێرەدا من نامەوێ باس لەو کۆمەڵە سەرەتاییانە بکەم، بەڵکوو مەبەستی من ئەوەیە کە هەرچەند تەواوی ژنان لە کۆمەڵە جیاوازەکاندا توندوتیژییان پێ ڕەوا بینراوە، بەڵام بەشێکی زۆری ژنانی دونیا ئێستا توانیویانە بە مافەکانی خۆیان بگەن و یەکسانییەکی تا ڕادەیەك بەرچاویان بۆ خۆیان دابین بکەن. ئەمەش لە ئاکامی خۆڕاگری و خەباتی بێوچانی خۆیان و هەروەها لە ئاکامی دێموکراتیزەبوونی وڵاتەکانیاندا بووە، کە لەوێدا دین و دەوڵەت لە یەکتر جیا کراوەتەوە و یاسایەکی یەکسان و مرۆیی دابین کراوە کە مافی ژن و پیاو وەك یەك چاوی لێبکرێ.

وەك دەزانین بزووتنەوەی ژنانی ڕۆژئاوا ئامریکا زیاتر لە سەدەی نۆزدەدا پەرەی گرت، ئەو کاتەی کە کوردستانەکەی ئێمە بە شێوەیەکی فەرمی دابەش کرا بە سەر چوار وڵاتی خاوەن دەسەڵاتی دیکتاتۆریدا. هەر ئەوەش وای لە ژنی کورد کردووە کە هەمیشە لە خەمی ڕزگارکردنی نیشتمانەکەیدا بێت و کەمتر بیر لە مافەکانی خۆی وەك ژن بکاتەوە. ئەمە لە بەر ئەوەی کە پێی وا بووە بە ڕزگاربوونی نیشتمانەکەی هەموو مافە ڕەگەزییەکانی ئەویش مسۆگەر دەبێت. بەڵام ئەزموونی ڕزگاربوونی باشووری کوردستان بۆی سەلماندین کە دابینبوونی مافی نەتەوایەتی وەکوو پێویست یەکسانی و دابینبوونی مافەکانی ژنان لەگەڵ خۆی ناهێنێ. ئەمە بەو واتایە نیە کە ژنی کورد نابێت بەشداری بکات لە بزووتنەوەی ڕزگاریی کوردستاندا، چون بە بڕوای من ڕزگاریی نیشتمانەکەمان ئەرکی سەرەکی هەموو تاکێکی کۆمەلگای کوردییە و ژنیش وەك تاکێکی ئەو کۆمەڵگایە ئەو ئەرکەی لەسەرشانە.

لەو پێوەندییەشدا ژنی کورد هیچ پیویست ناکات لە دوو کاناڵی جیاوازەوە تێکۆشانی هەبێت، ئەوان دەتوانن هەم لە ڕێگای تێکۆشانیانەوە لە ریزی حیزبە سیاسییەکانی کوردیدا لە خەباتی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا بەشدار بن و لە هەمانکاتیشدا کار بکەن بۆ ڕوونکردنەوەی مافەکانی ژنان. نابێ لە بیرمان بچێت کە حیزبە سیاسییە کوردستانییەکان ئەو حیزبانەن کە لە دواڕۆژی کوردستاندا خاوەنی دەستەڵاتن و زۆر گرینگە کە ژنانی کورد هەر لە ئێستاوە کار بکەن بۆ ئەوەی کە مافی یەکسانی ژن و پیاو لە نێو ئەو حیزبانەدا بە باشی جێگیر بکرێت و بەڕێوەبەران و خەباتگێڕانی کوردستان مافی یەکسانی ژن و پیاو لە مافی ڕزگاریی کوردستان جیا نەکەنەوە و هەر کام لەوان بە ئەرکی خۆیان بزانن کە دواڕۆژی کوردستان کۆمەڵگایەکی یەکسان و دێموکرات بێت کە لەوێدا هەموو مافەکانی ژنان پارێزراو بێت. ئەمە لە بەر ئەوەیە کە ئەزموون پێمان دەڵێ کە هەموو خەباتگێڕانی کوردستان ماف و ئازادییەکانی ژنان لە ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان گرێ نادەن و یان ئەوەی کە پێیان وایە کە ئەوە تەنیا ئەرکی ڕەگەزی ژنە کە بۆ یەکسانیی خۆیان خەبات بکەن یان ئەوەی کە بەشێکیشیان وا بیر دەکەنەوە کە دابینبوونی مافی یەکسانیی بێسەرەوبەرەیی بەدوادا دێ. هەر بۆیە زۆر گرینگە کە ژنانی خەباتگێڕی نێو حیزبە کوردییەکان مافی یەکسانی بکەن بە هەوێنی خەباتەکەیان و هەوڵ بدەن حیزبەکان مافی یەکسانی بکەن بە هەوێنی کاری میدیایی و شێوازی بیرکردنەوە لە نێو ئەندامانیاندا.

لێرەدا نابێت لە بیرمان بچێت کە هەموو ژنانی کورد دەرەتانی ئەوەیان نیە کە بە کردەوە لە ریزی حیزبە کوردییەکاندا بن، جا هەر بۆیە ئەرکی ئەوان دەکرێت جیاوازی هەبێت. واتە خەباتکردن بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان تەنیا تایبەت نیە بەو ژنانەی کە توندوتیژییان دەرهەق دەکرێت، ئەوە ئەرکی هەموو ژنێکی کوردە کە بە دژی ئەو شێوە بیرۆکەیەدا بچێتەوە و ڕۆڵی هەبێت لە ڕوونکردنەوەی کۆمەڵگادا لەو بوارەدا. هەروەها زۆر جار ئەو ژنەی کە زوڵمی لێ دەکرێت، بۆ خۆی بە هەر هۆیەك بێت ناتوانێت داکۆکی لە خۆی بکات، هەر بۆیە لەو کاتانەدا کە ژنێك لە ژێر توندوتیژی بنەماڵەدایە، با ژنانی دیکە داکۆکیان لێ بکەن و دەنگیان بگەیێنن بە جێگای مەبەست.

بە کورتی هەرچەند کە مافی یەکسانیی ژن و پیاو بەشێکە لەو مافانەی کە خەباتگێڕانی کوردستان خوازیارین، بەڵام لە هەمان کاتدا، ئەم بیرۆکەیە پێویستی بە کاری زیاترە و ژنان بۆ خۆیان دەبێت ئاڵاهەڵگری ئەم خەباتە بن و نابێت پشتگوێی بخەن. هەروها حیزبە سیاسییە کوردییەکان زۆر گرینگە کە هەر لە ئێستاوە تەمرینی سیستمێکی یەکسانی بکەن و کار بکەن بۆ ڕەچاوکردن و جێگیرکردنی ئەو سیستمە کە داخوازیی ئێمەی ژنانی یەکسانیخوازە.

# یادێک لە شەهیدی نەمر و جوانەمەرگ، شەهید عەبدوڵڵای شەریفی



■ موعتەسەم نوورانی

ڕۆژی ٦ی ڕەزبەری ئەمساڵ، ١٨ ساڵ بە سەر شەهیدبوونی هاوڕێی بەوەج و تێکۆشەر و فیداکار، شەهید عەبدوڵڵای شەریفیدا تێدەپەڕێ. ڕۆژی ٦ی ڕەزبەری ١٣٧٣ی هەتاوی لە کاتێکدا دەستەیەك لە کادر و پێشمەرگەکانی کومیتەی شارستانی مەهابادی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ کاروباری سیاسی و تەشکیلاتی لە حاڵی گەشتێکی سیاسیدا بوون، لە نێوان گوندەکانی کوران و کاوڵانی سەرێ، لە دەراوی شەکراوێ کەوتنە کەمینی دوژمن و لە یەکەم دەستڕێژی جاش و بەکرێگیراوانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، بەداخێکی یەکجار زۆرەوە، هاوڕێی تێکۆشەر و لاوی بەهەست و کۆڵنەدەر، عەبدووڵڵای شەریفی، ئەندامی کومیتەی ناوەندی و بەرپرسی کومیتەی شارستانی مەهاباد شەهید بوو.

شەهید عەبدووڵڵای شەریفی یەکێك لەو شۆڕشگێڕ و لێوەشاوە و بلیمەت و خەباتکارانە بوو کە باوەڕی قووڵی بە ڕزگاریی نەتەوەی کورد و ئازادیی کوردستان هەبوو. زۆر جار دەیگووت ئاواتم ئەوەیە کوردستان ڕزگار بێ و ئازادیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە چاوی خۆم ببینم، هەر وەك لە بەشێك لە ژیاننامەکەیدا لەو بارەوە دەڵێ: «هەرچەند ژیان خۆشە، بەڵام کاتێك پێویست بێ بمرین بۆ ژیانی خۆشی گەل دەبێ بەختی بکەین. زۆرم ئاوات بوو ڕۆژێك لە نیشتمانی خۆمان و لە نێو گەلی خۆمان بە ئازادی و سەربەستی بژیابامایە و ڕزگاریی گەلەکەمانم بە چاوی خۆم دیتبایە».

ئەو لەگەڵ ئەوەی بە تەمەن لاو بوو، کادرێکی بە ئەزموون و فیداکار و لێوەشاوەی مەیدانی خەبات بوو، ئەو دەیزانی مێژوو چ ئەرکێکی قورس و گرانی خستۆتە سەر شان، بۆیە بە بەردەوامی خەریکی خوێندنەوە و بردنەسەری پلەی زانیاریی سیاسی خۆی بوو. لەگەڵ ئەوەی کادرێکی ئاگا و لێوەشاوەی تەشکیلاتی بوو، هاوکاریی بەشی ڕاگەیاندنی حیزبیشی دەکرد و زۆر وتاری سیاسی و ئەدەبیی جوان و پڕناوەڕۆکی بۆ ڕۆژنامەی کوردستان و ڕادیۆ دەنگی کوردستان دەنووسی. بە شەهیدبوونی عەبدوڵڵا شەریفی حیزبی دێموکرات یەکێك لە بەوەجترین ئەندامانی کادری ڕێبەری و شۆڕەسوارێکی هەڵکەوتووی مەیدانی خەبات و تێکۆشانی ڕۆژانی سەختی خەباتی لەدەست دا و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یار و یاوەرێکی بە ئەمەگ و دڵسۆز و وەفاداری و ماندونەناسیان لەدەست چوو بەراستی عەبدوڵڵای شەریفی یاری هەژارەکان و هیوای نەدارەکانی شار و لادێی کوردستان بوو و سرووشتی بەرز و تایبەتمەندییەکانی شەهید عەبدووڵڵا دڵسۆزی و ڕاستوێژی و ئازایەتیی شەخسی و ئەخلاقی، سەراحەت و دەستوداوێن پاکی بوون. ئەو هەرگیز لە ڕێبازی دروستی حیزبەکەی لای نەدا و بەگژ هەموو بیروبۆچوونێکی چەوتدا دەچۆوە کە دەیویست حیزبەکەی بە لاڕێ ببا یان زیان لە قازانج و پرستیژ و ئیعتیباری حیزب بدا، هەر وەك لە ژیاننامەکەدا دەڵێ: «هەر کەس کە منی خۆش دەوێ داوام ئەوەیە کە حیزبەکەی من، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی خۆش بوێ و ڕێگای دێموکرات بگرێتە پێش».

شەهید عەبدوڵڵای شەریفی وێڕای ئەوەی باوەڕی قوڵی بە ڕزگاریی نەتەوەیی هەبوو و لە پێناوی ئامانجەکەیدا گیانی بەخت کرد، لە کاتی خزمەتکردنی بە بزووتنەوەی کوردیش کادرێکی خۆشەویست و جێگای متمانەی حیزب و هاوڕێیانی بوو. بە خوو و ڕەوشتە بەرزەکانی لە ناو دڵی هاوڕێیانی حیزبیدا جێگای خۆی کردبۆوە چونکە زۆر برایانە و دڵسۆزانە لەگەڵ کادر و پێشمەرگەکان هەڵسوکەوتی دەکرد، زۆر کەس سفرەی دڵی لە لای دەکردەوە و بە شەریك و غەمخۆری خۆی دەزانی. لەگەڵ ئەوەش تایبەتمەندییە بەرزەکانی ئەو شەهیدە ئەوەندە زۆرن لە حیساب نایە. سەری ڕێز و وەفاداری و ئەمەگناسی بۆ دادەنەوێنین و هەردەم یادی لە دڵماندا زیندووە و بیروبۆچوون و ئامانجەکانی شەهید عەبدوڵلای شەریفی و هەموو شەهیدانی دیکەمان مەشخەڵ و چرای ڕێگای تێکۆشانمانن.

سڵاو لە گیانی عەبدوڵڵای شەریفی و هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان

# کۆماری ئیسلامی لە نێوان هێرش و هەڕەشەدا

■ عارف وەڵزی

هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئەگەری هێرشی نیزامیی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران و بنکە ئەتۆمییەکانی ئەو وڵاتە و هاوکات لەگەڵ بەڕێوەچوونی گەورەترین مانۆڕی دەریایی بە فەرماندەیی ئامریکا و بە بەشداریی نیزیك بە سی وڵاتی جیهانی لە نێو ئاوەکانی کەنداو و هەروەها دوای لێدوانەکانی باڵوێزی ئامریکا لە ئیسرائیل لەمەڕ ئەگەری هێرشی نیزامیی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران و لە لایەکی ترەوە جووڵە سیاسی و نیزامییەکانی ئامریکا و ئیسرائیل لە نێو وڵاتانی دراوسێی ئێران و کۆمەلێك فاکتەری دیکە، بەرپرسانی پایەبەرزی سیاسی و نیزامیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕاگەیەنە گشتییەکانی خۆیاندا دژکردەوەی توند لە خۆیان نیشان دەدەن.

محەممەدعەلی جەعفەری، فەرماندەی سوپای پاسدارانی ڕێژیمی ئێران لە لێدوانێکیدا وتی: «هەموومان بۆ شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل دەبێ ئامادە بین و دەزانین کە دوژمنایەتی لەگەڵ ئیسرائیل هەر بە شەڕی نێوان ئێران و ئیسرائیل کۆتایی دێت».

نیگەرانیی ئیسرائیل، ئامریکا و بە گشتی وڵاتانی ڕۆژئاوایی لەمەڕ بەرنامەی ناوکیی ئێران لەوەدایە کە ئەگەر بێت و ئەو ڕێژیمە چەکی ناوکی بەرهەم بێنێ، بێگومان ئەمە دەبێتە هۆی یاخیبوونی زیاتری ئەم ڕێژیمە بە نیسبەت کۆمەڵگای جیهانی و ناوەندە نێونەتەوەییەکان و هەروەها دەبێتە هۆی کێبەرکێ بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی لە نێوان وڵاتانی ناوچەکەدا.

هێندێك لە کارناسانی بواری نیزامی لەسەر ئەو باوەڕەن کە تا کاتی دەستپێکردنی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ئامریکا، ئێران دەتوانێ بە دانی وەڵامێکی ئەرێنی بە ئۆباما لەمەڕ بەرنامە ئەتۆمییەکەی، دواشانسی خۆی تاقی بکاتەوە و لەو حاڵەتەدا ئۆباماش دەتوانێ دوای هەڵبژاردن ئەگەر بۆ ئەو پۆستە هەڵبژێردرێ، هەموو هەوڵی خۆی بۆ پێشگرتن لە هێرشی ئیحتماڵی ئیسرائیل بدات.

بەڵام بەو پێیە کە تا ئێستا ڕێژیمی ئێران تەنیا و تەنیا وتووێژی نە بۆ چارەسەرکردن، بەڵکوو بە مەبەستی کڕینی کات بەکار هێناوە و بە سەرنجدان بەوەی کە نتانیاهوو دوای ئەوەی کە ئۆباما ئامادە نەبوو هێڵی سوور بۆ بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران بکێشێ، بۆ خۆی لە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئەو هێڵە سوورەی بۆ بەرنامە ئەتۆمییەکەی ڕێژیمی ئێران دیاری کرد، زۆر ئەستەمە کە ڕێژیمی ئێران وەڵامێکی ئەرێنی و هیوابەخش بە کۆمەڵگای جیهانی بداتەوە.

هەر بۆیەش ئەگەر ئەو هەڕەشانەی ئێران و ئیسرائیل لە یەکتر بگاتە نوقتەیەك کە شەڕی نیزامی لێ بکەوێتەوە، بێگومان بەرپرسیاری سەرەکیی شەڕێکی ئەوتۆ ئاکامەکەی هەرچی بێ، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە بە سیاسەتە نادرووست و ئاژاوەگێڕەکانی خۆی و دەستێوەردان لە نێو کاروباری وڵاتانی ناوچە و گوێنەدان بە کۆمەڵگای جیهانی لە بواری پرسە ئەتۆمییەکەی ڕێگای بۆ شەڕێکی ئەوتۆ خۆش کردووە.

KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 590 ▪ 9 Oct 2012

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr


# کۆنگرەی ١٥هەمی حیزبی دێموکرات لە چەند وێنەدا



بەڕێز سەیدعەلی ڕەحمانی، لەمێژینەترین ئەندامی حیزبی دێموکرات



بەڕێز حەسەنی شەرەفی بۆ بەشدارانی کۆنگرە دەدوێ



بەشداری لە باسە سیاسییەکانی کۆنگرە بە شێوەیەکی گەرموگوڕ بەڕێوە چوو



ئەندامانی کۆنگرە دەنگ بە ڕەوایی کۆنگرە دەدەن



ڕۆڵی ژنان لە کۆنگرەدا بەرچاو بوو



بەڕێز قەرنی قادری یەکێك لە میوانەکانی کۆنگرەی ١٥



ئەندامانی کۆنگرە لە کاتی هەڵبژاردنی ڕێبەرایەتیی نوێدا



پیرۆزبایی گشتی کۆتاییهاتنی سەرکەوتوانەی کۆنگرەی ١٥

## زایـــەڵـــە

باران

### کێ تاوانبارە و کێ سەرکوت دەکرێ

سەرکوت لە چەند ڕەهەندەوە یەکێك لە سەرەکیترین فاکتەرە پێکهێنەرەکانی بارودۆخی ئابووریی نالەباری هەنووکەی ئێرانە. نرخەکانی دۆلار و زێڕ لە بازاڕەکانی ئێراندا بە شێوەیەکی بێوێنە بەرزبوونەوەیان بەخۆیانەوە بینیوە و لە کاتێکدا نەتەنیا زۆربەی کارناسانی ئابووری لەو بڕوایەدان کە ئەم بارودۆخە ئاکامی گەمارۆ نێونەتەوەییەکانی سەر ئێرانە، بەڵکوو خودی ئەحمەدی نژاد، سەرکۆماری ڕێژیم کە چەندین جار حاشای لەو ڕاستییە کردووە، دواجار ڕۆژی سێشەممەی حەوتووی ڕابردوو لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەنووسیدا، گەمارۆ بانکی و نەوتییەکانی سەر ئێرانی بە یەکێك لە هۆکارەکانی ئەم بارودۆخە ناو برد.

پێکهێنەرانی ئەم بارودۆخە، خودی سەرانی ئەو ڕێژیمەن کە لە پێناو ئامانجە زێدەخوازانە ئەتۆمییەکانی خۆیان، خەڵکی ئێرانیان کردووەتە قوربانی و دەتوانین بڵێین ئەگەر لە ئێراندا بارودۆخی سەرکوت زاڵ نەبا و بڕیاری بەئەتۆمی بوونی وڵات لەدەست خەڵك ببا یان خەڵك لە ڕەوتی بڕیارداندا بەشدار ببان، ئەوا خەڵك بە دڵنیاییەوە بە هیچ شێوەیەك بڕیاریان نەدەدا کە بەو تێچووە رووخێنەر وماڵوێرانکەرە و ئەویش لە پێناو دەستڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی، ئێران ببەنە ژێر قورسترین گەمارۆ نێونەتەوەییەکان و بارودۆخی بازاڕ و ئابووریی ئێران بگەیەننە ئەم ڕۆژە ڕەشە. یەکێك لە ئامانجە هەرەسەرەکییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ بوون بە وڵاتێکی خاوەن چەکی ناوکی بە هەر تێچوویەکەوە، ئەوەیە کە دەسەڵاتی سەرکوتکەری خۆی لە نێوخۆی ئێراندا بپارێزێ و بە قەولی خۆیان، هیچ زلهێزێك ئیدی نەوێرێ لە کاروباری نێوخۆیی ئەم وڵاتەدا دەستێوەردان بکات.

تایبەتمەندییەکی سەرکوت لە حکوومەتە سەرکوتکەرەکان، هەمدیس بەرهەمهێنانەوەی سەرکوتە، واتە سەرکوت، سەرکوتی زیاتر و بەرینتری لێدەکەوێتەوە. لە ڕێژیمێك وەك کۆماری ئیسلامی کە بە درووشمی یوتوپیاییەوە هاتووەتە سەر کار، بە هۆی سرووشتی داخراوی سیستمەکە و پێکنەگونجانی درووشمەکان و سیستمەکە، بازنەی خودییەکان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ تەنگتر دەبێتەوە کە ئەمەش ئاکامی سەرکوتکارییە کە ئەوەش پێویستیی سەرکوتی زیاتر و زیاتر دێنێتە ئاراوە. بەپێچەوانەی ڕێژیمگەلێك وەك کۆماری ئیسلامی، ڕێژیمێکی عەقڵانی ئەگەر ڕووبەڕووی گرفتی دەرەکی لە چەشنی گەمارۆی نێونەتەوەیی ببێتەوە، ئەوا لەو حاڵەتەدا دەرکەی دیالۆگ لە نێوخۆ دەکاتەوە و هەوڵ دەدا پشتیوانیی نێوخۆیی لە ئامانجەکانی بەمەبەستی پتەوبوون لە گۆڕەپانی دەرەکیدا بەرێتە سەرەوە. بەڵام لە کۆماری ئیسلامیدا وەك لێی چاوەڕوان دەکرێ، ڕێك ڕەوتێکی پێچەوانە لە گۆڕێدایە.

بەڵگەی سەلمێنەری ئەم ڕاستییەش، قسەکانی ئەحمەدی نژاد و سەرۆکی ژووری بازرگانیی ئێرانە. ئەحمەدی نژاد لە هەمان کۆنفرانسی ئاماژەپێکراودا، یەکێك لە هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی نرخی ئەرزی بە «تێکدەرانی نێوخۆیی و ئەو تەبلیغاتەی کە لەگەڵ دوژمن دژی دەوڵەت» دەکرێ، ناو برد. یەحیا ئالی ئیسحاق، سەرۆکی ژووری بازرگانیی ڕێژیمیش دیسان قامکی لەسەر خەڵکی نێوخۆ داناوە و وتوویەتی: «ئەو کەسانەی کە بڕیارەکانیان خەسار لە وڵات دەدا، دەبێ وەکوو هەلومەرجی شەڕ دادگایی بکرێن». ئەم قسانە، وەبیرهێنەرەوەی ڕووداوی قامچی لێدان لە بازاڕییان شاری تاران بە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی قەند لە سەردەمی فەتحعەلی شای قاجارە، ڕووداوێك کە ناڕەزایەتیی بەرینی خەڵکی بەدواوە بوو. سەرانی ڕێژیم لە جیاتی وازهێنان لە ئامانجە زێدەڕۆیانەکانیان، دیسان هەر لە بیری سەرکوت و ئێعدامدان. بەڵام خەڵکی ئێران، سەرانی ڕێژیم بە تاوانبار دەزانن و چاوەڕوانن سەرانی ڕێژیم تووشی چارەنووسی فەتحعەلی شا بن.